
# ئاوارەکانی بنار ئەودیوی چیا


ئۆردوگای ئاوارەکان دزلی، مەریوان ١٩٨٨

**ئاسۆ بیارەیی (ئارام هەورامی)**

یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ١٩٨٣- ١٩٩٠
نووسینەوەی ٢٠١٥

---



## پێشکەشە بە:

- **به هەڵۆی چیا و پێدەشتەکان**
- **کچان و کوڕانی کۆبانێ و منداڵە چاوگەشەکانی شەنگاڵ ..و پێشمەرگە**
- **بەو دایکانەی کە جگەر گۆشی ئازیزیان لە دەستداوە..و هەندێکی دیش چاوەڕیی هاتنەوەیان دەکەن..**





## سوپاسی بێ پایانم

- بۆ د. ناجیح گوڵپی کە چەند وێنە و پێشنیاری بۆ ناردم
- بۆ هاوڕێ ئامانجە چکۆل لە هۆڵەندە کە هەندێ زانیاری بۆ پشتڕاست کردەمەوە.
- بۆ هاوڕێ نەهرۆ، کە ئەرکی پاکنوس کردنی گرتە ئەستۆ.
- بۆ شوان وەهاب گوڵپی کە وێنەی ئۆردوگای هەزار خانی بۆ ناردم.
- بۆ سایتی تەپی سەفا و شەشک، کە دریغیان نەکرد لە زانیاری و وێنە.
- بۆ م حەیدەر عەبدوڵا لە هەولێر، کە هەندێ وشەی بۆ ڕاست کردمەوە.
- بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتانە، لە فەیسبوک، پێشنیاریان بۆ ناردم.

## پێشەکی

ئێمە کەوەرەی ڕێ دەبڕین، لە لاپاڵێکین رەنگە کەمترین هەڵە، ببێتە هۆی لە ناوچوونی هەموو مەفرەزەو تەرمەکان، ئەوە یەکەم تەرم و دوا تەرم نیە، ئێمە خۆمان لە کۆمەڵێ تەرمی زیندو دەچین، چارەنوس و داهاتوومان، دورتر لە نێوان سنوری مەرگ و چاوەڕوانیدا تێپەڕ ناکا، زۆر جار مردن خۆی لێمان دەپارێزی. ڕێگە دەبڕین و بەرامبەر مۆڵگەی سەربازی و لە ناو بازنەی قەرەوڵی سەر لولەی تفەنگەکانیانین. ئەوان، بە بێ بیر بکەنەوە و جیا لەوەی کە لە خۆیان بپرسن بۆ، وەک ڕەبۆتێک بۆیان بکرێ، هەموومان سارد دەکەنەوە، ئێمە لە تیشکی خۆر گەرمترین، زۆرجار ئەوان دەکەونە پێشمەرگ.

ساتێکی ئەنگوستەیە، هاوڕێیەکی گەنج، تەمەن چەند بەهارێ، لە پەنامدا لاردەبێتەوە. چەندێکی دییمان، کە جێی ژوانیان دەگوازنەوە بۆ بناری هەردێکی سەر لەپی زەنگەنە، ڕەوە گورگێکی خۆماڵی پەلاماریان دەدەن و وەک دیاری بۆ ژەهری دەم مارەکانی زۆحاکەکەی بەغدا، کەوڵیان دەکەن. هاوڕێیەک خەڵکی بەسرا، یەکێ بەغدایی و ئەوی دی فەیلی و دواتر هەموویان دەبنە چەپکێ ئەوینی نیشتمان،،

زریان و شەختەیە، گلۆرە بەفر، سەرو سیمای، وەک مامەیەکی پشت چەماوەی بن دار گوێزەکانی هەورامان، سپی کردوین و هەنگاوی خێرا هەڵدێنین. لە بڵندترین لوتکەی قەندیلین و هەر ئەوەندەمان ماوە، نزیک یەزدان و پەیامپەرەکانیشی ببینەوە، پاپۆڕەکەی نوحیشمان تێ پەراندوە، بەڵام دەنگمان نایگاتێ، تا سکاڵای خاکی بۆ بەرین، نەخێر! ڕەنگە ئەو، نەخوازێ، گوێی لیمان بێ، یا ساچمەی ستەم کارێ، ئەویشی کەڕ کردنێ!





ئەوە یەکەم ڕاخەرە گوڵزار نیە کە بە نێویدا بە ئەسپاییەوە هەنگاوی تێدا دەنێین. لەشوێنانێکین، کە دەمێک ناوی چیای رەنگینە[1]*، جارێ ناوی نێرگزە جاڕی سیوسێنانە، ساتێ ناوی سەنگاوە، چەند کەرەتێک ناوی کۆیە و هەندێ جار لەو سەکۆیانەی نێو باخی گشتی سلێمانی دەچی، کە دوو ئاشق بە دزی و شەرمەوە کردویانەتە ژوانیان. دەمێکی دیش رەوندی بەفراوی کوێستانێکی بێ میوانین، کە ئاوێکی سازگار سەرچەمەیەتی. گوڵاڵەکان وەک خەوی ئێمە رەنگا و رەنگ و ئامانجەکانیشمان وەک وان گوڵاویان بەسەردا پژاوە.

ئەوە یەکەم جار نیە کە گوێم لەخرەی باران دەبێ و ناچار بکەومە بەر لێزمەی. لەگەڵ وێرانکردنی هەرگوندێک، داخورپەیەک پارچەیەکی نوێی دڵم لەت لەت دەکا، هاکا بە یەکجاری نەما و ئاوات و خوزگەکانشیم بونە سۆتۆی ئاگردانی ئاواییەکی سەربڕاو..

لەگەڵ فرمێسکی هەر منداڵیکی ترساو لە بۆمب و فڕۆکە، چمکێ لەشادیم دەسوتێ، هاکا شادیم وشکی کرد! هەموو جارێ کە دایکێک دەبینم دەگری بۆ جگەر گۆشێکی بچوکی یان مەزنی، یەکێ لە تاڵە بەستەرەکانی ئەڤینی منیش رۆڵەیەکی وون دەکا. من دڵۆپەی ئاوەچۆڕی گریانی دەها ژن و کیژۆڵەی ناسکم، کە ناویان وەک پێشمەرگەیەکی وون لە باخی دڵمدا، ئارامگەی نەمرییان بۆ هەڵبەستراوە..خەمی ئەوە دامدەگرێ کە ووشەکانیشم ئەنفال بکرێن، بۆیە پەلەمە!

ئەوە یەکەم جار نیە، کە گوێم لە قرمژنی گوللە و ویزە چەرمبرەکەی دەبێ، زرمەی تۆپ، هاژەی رۆکێت.. هتد لە چەکی کۆکوژی زیندەوەر و سروشت، لەناو شەقامەکانی شارەکاندا، لە کانی قوڵەکەی هەلەبجە و

ئازادی سلیمانی، پێشتر گوێم لێ بووە، دەمێ بۆ ترسان و جارێکی دیش بۆ بەختەوەری و خۆشی..گوێمیان کاس دەکرد

ئەمانەی تۆمارم کردون، کۆمەڵێ یاداشتن لە باوەشی نیشتیمانێکدا ڕونیشتون، چەند جارێکیش دەبارە دەنیشنەوە، بەبێ ئەوەی ئەزمونیان لێ وەرگرین، خاوەنیان هەموومانین، بەڵام من تەنها توانیومە بەشێکیان تۆمار بکەم و بۆ ئێوەی بگێرمەوە، نەبا نیشتمانی دڵی منیش بەم نزیکانە، وەک بەڕەزای قەتپاڵەکان زەرد هەڵگەڕێ! نەبا  لەم نزیکانە وەک منداڵیکی شەنگاڵی بەجێماو،  لە نێو دەوەنی تەمەندا وشک هەڵگەڕێم، نەبا کۆڵانیکی ئەندێشەم، وەک کۆبانی دارمێ و فریای دیتنی قەدو باڵای کچە کوردێکی نەشمیلی تفەنگ لەشان نەکەوم، نەبا دوا هەناسەکانم لە دوا دەواری تەمەندا، وەک دەها جگەرگۆش، لە نێو چادرگای ئاوارەییدا، بکەونە ژێر بەفر و زستانەوە. ئەوانە گەورەترین سەرمایەی منن، بە ئێوەی دەبەخشم، ئەی ئەوانەی بەرەو لوتکەی هیوا هەنگاو دەنێن، ڕەنگە تەمەن بوار نەدا دەستم بگا بە سەرگۆی ئەو  ئومێدە!





## ئۆردۆگای سەریاس

ئاوارە نە هەوار نیشنە و نە خاوەن ماڵ ، جارێک لە گەنگاوەر* دەواری هەڵداوە،  کەرەتێک لە کامیران، جوانرۆ، هەزارخانی، سەحنە، سەنگور و دواتر سەلاسی مەنزڵگەی باوەجانییە . ئیدی،  ئەو دەشت دەرانە ،  بوو بوون بە ماڵی نوێی هەڵەبجەیەکان و خەڵکی هەڵهاتووی ئەنفالی گەرمیان و قەرەداغ تاکو بادینان.

## ئۆردۆگای سەریاس

لەبناری  کێوی شاهۆی  هەورامان،  زنوێری کێوێکی سەر نەخشەی کوردستان، کە ناوی زاگرۆسە، بەڵێ! سەریاس، هاوێنە هەوارێکی  خەڵکی ناوچە و ئێستەش پڕ لە ئەستێرەی هیوا و هەندێ جاریش ئەوینی گەرانەوە.  تا چاو بر دەکات قەتارەی چادری ئاوارە ملی کێشاوە بۆ دامینی کانیە سازگارەکەی ئامێزی کۆی کۆساران، کانییەک, کە دڵی بەفراوە و تنوک تنۆک دەبێتە مەرهەمی شکاندنی تینویەتی سەدەها کەسی بێ نیشتیمان و هەزاران ڕێبوار..

لە قەراغ ئۆردوگا ، چادرێکی قوت و گەورە، سەوز وەک پشتوێنی سوفییەکی تازە هەڵکەوتوو،  کراوەتە مزگەوت، مەلا و ڕیشپانی نوێ، هەندێکیان بەعسی و ئەنفالچی جاران، تاقمێکیش گوێگری ئاخوندەکانی وڵاتی شیعە، وەک حەمام گەرمیان کردوە: ئەوەی نوێژ نەکا، لە پشت  ئەو کۆلکانەوە، ئەوەی دوعا نەکا، دەچێتە دۆزەخ، ئای لەو کافرانە، خەڵکینە! قێزیان لێ بکەنەوە، بەردەبارانیان بکەن، تفیان لێ بکەن..دەریان بکەن، ئێرە

ولاتی ئیسلامە جێگەی ئەوان نیە! دەها جار ئەو هەرەشە گوڕەشانە دووبارە دەبوونەوە، زمانیان ئەنباری فەرهەنگێکی تۆقێنەر و زبر، تیژ وەک شمشێری دەستی ئەو سەحابەی بیابان کە چەند سەدەیەک پێشتر لافاوی خوێنیان لەم دەڤەرە هەستاند

**شەڕی خێوەتگەکان**

نیوەڕۆیەکی فێنکە، شوێن دیسان ئوردی سەریاسە، مەلایەک هاوار دەکا، کافرەکان، وەرنەوە سەر رێگە سەرەکییەکان، تولە ڕێگەکان بەردن!. پیرێکی کەم بەگژیدا دەچنەوە، دەبێتە شەرە بەرد، شەرەژن و دواتریش زۆرانی دوو هێز، یەکێکیان خۆی بە ئەمیرەکانی شەڕی ئوحد ناگۆڕێتەوە، تەنها شمشێرەکانیان کەمە. هێزێکی دی بەرگری لە خۆیان دەکەن و بەعسییەک، سەرو گوێلاکی دەشکێ...

کۆتایی مانگی نۆ ١٩٨٨

**زستانی ١٩٨٩**
**هەمان شوێن. ئوردوگای سەریاس**

ڕۆژێکی دی، شەختەو سەرمایە، زستان خێوەتی ئاوارەکانی خستوەتە ناو یەخچاڵێکی پڕ بەفر. هەندێ ژن لەبەر ئەو سەرمایە جل دەشۆن ، هەندێ زارۆش خلیسکێنە دەکەن و وەک چۆلەکەی بەر پاساران هاوار و زیقەیانە. فەریکە مەلایەکی ئوردوگا، کۆنە سەددامییەک هاوار دەکا: وەڵا گوناحە، ئەوەی کچی لەماڵدا هەبێ نەیدا بە شوو، فەرمودەی پێغەمبەرە!





ئیوەی هەڵەبجەیی، تازە گەرانەوەتان مەحاڵە، با کیژەکانتان مێردان بکەن، لەوە باشتر نابێ! ..هەلەبجە پتر لە شەست ،مزگەوتی تیابوو، لانەی موحمەد و خودا بوو. عەبا عوبیەیدەڵا جەراح لەوێ کۆمەڵێ کافری قڕکرد...

لە دوای ئەو فەتوایە. ئیدی هەر سەحابەی وەهابییە، کچە هەڵەبجەیی و بادینی و گەرمیانی لە ئوردوگا دەماشێتەوە، مارەییەکانیان لە بیسمیلای ئەو کولکە مەلا بەعسیە دێرینانە تێ پەڕ ناکا، کە پێش ئاوارە بوونیان، دەها کیژ و ژنیان کردۆتە دەستکەوتی فتوحاتی ئەنفال.

**بەیانییەکی دی..**

لەبەردەم پرسگەی ئۆردوگا. پاسدارەکان دوو گەنجیان لەسەر دزی باڵبەست کردوە. باری دزراو، شیشی فافۆنی*(ڕوحە کۆنە)یان* وەلاناوە، دەیانەوێ بۆ دەرەوەی ئۆردوگا بیبەن. هەڤاڵ عوسمان ناوێکیش، کە لە ئاشبەتالەوە مازیندەران ماڵی بوو، پڕ بە گەروی هاوار دەکا: ئافەرین جمهوری ئیسلامی بۆ ووریایت، قوربانی ریشەکەی ئیمام الزمان بم، ئەو (عوسمان)ەشم دواتر ساڵی ١٩٩٣ لە شاری سلێمانی بینیوە، دواتر بیستم، وەک دەها ئاوارەی دی ئاشبەتاڵ، بووەتە خۆبەخشێکی ئاخوندەکان و پردیان بۆ دەبەستێ.

**لنگە برنجانەکانی* ناو ئەمبولانس**

زۆربەی ئوردوگاکان ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی تەندروستیان تیابوو. دوا نیوەرۆیەکی درەنگە، کەم کەس لە دەرەوەیە، گلۆرە بەفر وەک مێشولەی

شارەزوو کڕیوە و زەماوەندییانە. لەناو چایخانەکەی مامە بلەی حاجی قادر، کۆمەڵێک خۆمان بە دەور سوپایەکی گازدا گڕدا بوو. لە پڕ هۆرەینی ئەمبولانسیێ، هەموومان دادەچڵەکێنێ. حیشمەت، کە بەرپرسی دابەشکردنی خواردن بوو لە ئۆردوگا، لە پێشەوەی ئەمبولانسەکە دانیشتوە هەروەک یەکێ لە خیزانکەی توشی بارێکی کتوپڕ بووبێ. بەدەستێکی ئاماژە دەکات، کە ڕێگەکەی بۆ چۆڵ بکەن، خەڵک خۆی لادەدا، بۆ چارە رەشی ئەو، ئەمبولانس، پێش ئەوەی بگاتە دەروەی ئۆردوگا مان دەگرێ و ناڕوات. ئادەی کوڕینە پاڵ نێن!

لە کاتی پاڵ ناندا، دوو گەنجی چوختی، ئەها ئەمە کەس نەخۆش نیە! بەڵکو چەند لنگە برنجێک(فەردە برنجێک) تووشی ڕیخۆلە کوێرە بوون. دەبێتە فیکە لێدان و هاوارکردن. ناچار پاسدارەکان دێن و بلاوە بە خەڵک دەکەن. بەداخەوە زۆرجار ئەو بەرپرسانەی کە کاروباری پەناهەندەکانیان بەرێوە دەبرد، دەستیان لەبردنی هیچ شتێک نەدەپاراست و ئەو یارمەتییەی کە دەهات بۆ ئاوارەکان بەدزییەوە دەیانفرۆشتەوە و هەندێ جاریش خواردنی کۆنیان دابەش دەکرد.





**ئەو شیوعی شیعەیە، دەبێ بەڵگەکەی بۆ بدۆزنەوە!**

شوێن: بەردەم پرسەگەی ئۆردوگای ئەنساری جوانڕودە
کات: کاتژمێر ١١ بەیانی ٢/٣ زستانێکی شلۆقاوی و ساردی ١٩٨٩ یە

ئەکتەرەکان: سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعین بۆ میوانی، مەلاقاتی*(میمانی) هاتوون. هەر سێکیان ، هەر وەک وەهابیە بەعسییەکانی ئوردوگا بە ئیتلاعاتیان ووتبوو، ئەمانە لە هەر کافرە پیس و نەگەبەتەکانی کۆمەڵگەی کوردین. بۆ لای کێش هاتون، ئارام هەورامی، نەرمەبڕە گاڵتەچییەکە و مامۆستا مەحمود، سەرۆکی لادانی گەنجانی ئۆردوگا لە ئاین و ڕێگەی خوا. وا ناومان دەرکردبوو، ئیدی کەعبەشمان ماچ بکردایە کەس بڕوای پێ نەدەکردین. وەک سەرۆکی ئۆردوگا جارێکیان وتی: ئێوە لەبەر چاون..

پاسدارێکی پرسگە دەپرسێ: ئێوە چین؟ من لە باتی ئەوان وەلام دەدەمەوە: ئەوەیان مام ساڵحی پێ دەڵێن، وەک حوسین ساڵحە و خۆشەویستی خەڵک و ئەم دنیای و ئەو دنیایە، ئەوی دییان، ناوی حوسام حەسەنە، باوکی لە خۆشی حەسن، ناوی دەنێ، حسامی کوڕی حەسەن و هەر لە بەر ئەو ناوەش، تا ماوەیەکی زۆریش بار دەکەن بۆ کەربلای پیرۆز. لەو شارەی ئێوە، ئەوەندە عەرەبییەکەی بەهێز دەبێ کە کوردی لە بیر بچێتەوە. ئەگەر پرسیاری حەزرەتی عەلی لێ بپرسیت، لە نیوەی مەردومی*(خەڵکی) ئوردگا پتر ئایەت و حەدیسی لەبەرە. دەنگیشی بۆ حوسیەنیە(رەوزە) خوێندن دەست دەدا. وام وت بۆ ئەوەی

نازانم لە کوێوە ئەو وە لامەم بۆ هات، وتم: ئاغای سلیمان، من خەریکی فارسی فێر بوونم، پێم وایە ئەوەی لەسەر ئەو بەڵگەیە نوسیویەتی شیوعی لە باتی شیعە، سەوادی (خوێندەواری) باش نەبووە. نازانم بێجگەی شیعە وشەی شیوعیم لە زمانی فارسیدا نەبینیوە، ئەدی وانیە ئاغای کەریمی؟ کەریمی سکرتیر سەرۆکی ئوردوگا بوو، خەڵکی جوانرۆ بوو..ئەویش وتی ئەرێ، وایە. ئاغا کەریم حەزی لە چارەی شیعە نەبوو، عومەری بوو، پێشی وابوو کە هەموو کوردی ئێراق عومەرین، بۆیە زۆرجار ناهەقیشمان بکردایە پشتی ئێمەی دەگرت. بۆ ئێمە گرنگ ئەوە بوو کە کارەکانمان ئاسان بروا، ئیدی عومەر و عەلی و باپیران کەیفی خۆیان بوو..خوای دەکرد تۆی یەکتریان دەبڕییەوە..

ئاغای سلیمان نەژاد : ئاغا ئارام! من دەزانم لە سەدا سەد وایە، بەڵام چەند کەسێک لەم ئوردگایە هاتن و پێیان وتین کە ئەمە کۆمۆنیستە..! بەلام سبەی وەرنەوە بەڵگەی نوێی بۆ دەکەینەوە با برواتەوە بۆ بنکە، گرنگ ئەوەیە کۆمۆنیستەکانی ئێوە، وەک ئەوانەی ئێران کافر نین و تەنانەت هەندێکتان لەوانە ڕاستگۆترن (ئیسلامییەکان) کەئێمە لێرە لە ئوردوگا موچەمان بۆ بریونەتەوە..

تاڕادەیەک ئاغای سلێمان نەژاد (سەرۆکی ئوردوگا) ڕاستی دەکرد، هەندێ هاوڕێ، شیعە بوون پێش ئەوەی شیوعی بن. جارێکیان هاوڕێ شوان(شوانەی کوڕی حەمە قوتوی گۆرانیبێژ) بە گاڵتەوە بە هاوڕێیەکی عەرەبی(ناوی حازم بوو) وت: عەلی کوڕی تالیب چاوی خێل بووە، بۆیە لە تیرهاویشتندا زۆرجار ئامانجی نەپێکاوە، ئیدی حازم توڕە بوو و





پێی نەزانن کە عەرەبە و شیوعییە. کابرای پاسدار لە خۆشیدا خەریک بوو هێلکەیەکی گەورەی دەکرد، بە گەرمی فەرموی کرد: (با میهنی خودت خۆش آمادي) بۆ ولاتی خۆت خۆش هاتی! هەرچندە قێزیشم لە درۆ دەهاتەوە، بەلام دوو درۆی سپی نایابم لە پێناوی چینی کریکاردا، لە پێناوی حەمە شەلی عەرەبانچیدا(حشع)* کرد..

ئەوەی کە مابووەوە م. ئاوات بوو، ئەو وەک هەندێ گوێزی هەورامان کەلە ڕەق بوو، خەریک بوو تێکی بدا، نەخێر من شیوعیم نەک شیعە! پاسەوانەکەی تێ نەگەیشت و ملێکی لەقاند، بە هەرحاڵ تۆش خۆش هاتی..! باش بوو (م، مەحمود)مان لەگەڵ نەبوو، ئەگینا ترش وخوێی تێکەڵ دەکرد...

**ڕۆژی دوایی**

ڕۆژی دوایی، من و مامۆستا ئاوات لە ئوردگا پیاسەمان دەکرد، پاسدارێک ئاماژەیەکی بۆ کردین، کە هەڵە لەیەکێک لە بەڵگەکان هەیە دەبێ بچینە لای حەزرەتی سلێمان نەژاد (سەرۆکی ئۆردگا). پشتمان بە درۆکانی ڕۆژی پێشومان قایم بوو، کەربەلاییەکمان لەگەڵدا بوو، دوو دڵیمان نەکرد و چوین.

ئاغا ئارام! ئەمە میوانی ئێوەو م مەحمودە؟ خۆیان ئاسایی بەڵێم بۆی کرد. بەلی ئاغا! ئەدی بیستومانە کەوا شیعە نیە و شیوعییە، لەبەر ئەوە بەڵگەکەیمان ڕەوانە ئیتلاعاتی فەرمانداری جوانرۆ کردوە، دەبێ بزانین چییە! مامۆستا ئاوات کەمی توڕە بوو..بە چاو هێۆرم کردەوە..

کەوتە جنێوان دان بە هاوڕییان. هاوڕێ ئەبو (سیروان)یکی هەولیریشمان هەبوو، هەندێ جار، ئەوەند بەچێژەوە بیسمیلاهی دەکرد، کافری دەکرد موسڵمان، نیوەی تەمەنی وڵاتی شورەویش، شیوعی بوو..





**لاندلۆڤەرەکەی سامان گەرمیانی**
**نەرمە نەرمە تۆزدەکا!**

ئەوەی کەمێ توانای باشی هەبوایە، دووعانەی زیاتری پێ بوایە، ژیانی باشتر لەوانی دی دەگوزەرا . لە ئۆردوگای ئەنساری جوانرۆ هەر کەسێ خاوەن ماشین خۆی بوایە ، دەیتوانێ بیکاتە نەفرهەڵگر و کاسپی پێوە بکا.

کرێی هاتوچۆ لە نیوان شاری جوانرۆ و ئۆردوگای ئەنسار پێنج تمەن بوو، لە ئیوارانیش جار جار دەبووە دە تمەنی ئاڵتونی. هەندێ لەو دە تمەنانە وەک زێڕ وابوون. هەندێک لە کچان دەیانکردنە هەڵقەی قامک، گوایا ئەوە دیاری ئیمام ئەلزمانە و تەبەڕکە.

سامان گەرمیانی، گەرمیانی بوو یان نەء ئەوە خۆی خوای خۆی دەیزانی، بەڵام پێشمەرگەی یەکێتی و خەڵکی ئەو خوارەی گەرمیان بوو، رەقەڵەیەک، هەرچەندە گەنج بوو، دەموچاو چرچەڵەیەک وەک کەندرەی هەردەکانی گەرمیان، پەنجەکانی دەستی راستی لەبەر بریندارى هەموویان کاریان نەدەکر، خۆی لە شیوعی و کەسانی دیاری ئۆردوگا زۆر بە نزیک دەزانی. زۆرجار باسی ماتریالیزمی دیالکتیکی بۆ دەکردین، کە جەلال دەباغ، کاتی بەرەی برایەتی لەگەڵ بەعس، نووسی بووی. سامان ئەوەی بە تاقە دەستکەوتی حزبی شیوعی دەزانێ لەو هاوپەیمانیەدا.*

هەر کە باسی هەژاران دەکرا،  سامان باسی ئەو جوتیارە گەرمیانیەی بۆ دەهێنایەوە، کە کاتی خۆی خزمەتیانی کردبوو،  گوایە مەفرەزەیەکی کۆمەڵە، شەوێک دەچێتە گوندێکی گەرمیان،  جوتیارێکە هەوڵ دەدا کە ئاو بکات بەدەستی پێشمەرگەکاندا، ئەوانیش ناهێڵن، ئیدی جوتیارەکە پێیان دەڵێ: گرنگە ئەوەیە کە ئێوە دەسەلاتدان گرتە دەست، ئاوی کوڵاو نەکەن بە سەرماندا!

لە داخی چاوچنۆکی شۆفیرە ئێرانیەکان، سامان نیازی کڕینی جێبێک کەوتبووە مێشکی.. جێبێک کە  ئامرازی گواستنەوەی لانەوازان و دەستکورتان بێ و وەک خۆی دەیوت بیکاتە جێبی شۆڕشی نوێ، سەوز وەک لۆگۆی حزبەکەی..

**نزیکبوونەوە کڕینی جێبکەی هەژاران**

ڕۆژیکیان سامان وتی: بڕیارم داوە، جێبێکی لاندلۆڤەر بکڕم و زۆرێک لە هاوڕێ و دۆستی وەک ئێوەی بەرێز،  لە ڕەزالەتی هاتوچۆی ئۆردوگا ڕزگار بکەم. ئەم شۆفیرانەی ئەمڕۆ ویژدانیان نیە، هەندێ جار لەبەر دەم  ئەو گەرمایەدا  ئێمە ڕادەگرن تاکو پولێ زیاتریان بدەینێ، تاکو نەفر پەیدا نەکەن جوڵە ناکەن .کوا خەڵکی ئاوارە کرێی هاتوچۆی هەیە؟ هەرچەندە بۆ ئێمەیەکی پێشمەرگە، ڕێگەی نیو سەعات زەلاتەبوو، جا نێوان شار و ئۆردوگاش، سروشتێکی جوانی هەبوو..

بە فرۆشتنی  هەندێ بازن  و ئاڵتون و هاوکاری برادەران، بە قسەی خۆی،  ئەو گەرمیانیەش(سامان) بووبە خاوەن جێب، جێبێک کە هەر





دەتووت بۆ قەد و باڵای ئاوارەکان دروست کراوە، چەمەلەغی شکاو  و کوشنی دڕاو، بەوێنەی جلوبەرگی هەندێ کەسی ئۆردوگا، کە لە بەر نەداری و دەستکورتی شەرمیان دەکرد لە ناو چادرەکانیان وەدەرکەون. من خۆم تەنها دەسەیەک جلم هەبوو، کە خوا خیری هاوڕێ نەبەز بنوسێ، کە بۆمی هەڵگێرایەوە. جێبێک کە تەنها بۆ ڕێگەیەکی پانزە خولکەی دروستکراوە و دەبێتە سامانی سامان.

ئیدی سامان گەرمیانی، لە پێشمەرگەوە، بوو بە  شۆفێری جێبە شڕەکە، ئەو نازناوە نوێیە، خەڵکی ئۆردگا وەک دیاری بەهار پێیان بەخشی. زۆری نەبرد هاوڕێ سامانی گەرمیانی، ئەویش لە تەرمیناڵەکەی ئۆردوگا، پەتای شۆفێرەکانی دی گرت، کەوتە سۆراخی نەفرە بێ پولەکانی ئوردوگا. سەرەتا سامان گەرمیانی دڵی وەک گەرمیانییەک کاری دەکرد و بەئاسانی پارەی وەر نەدەگرت و بگرە هەندێ جار بە بەتاڵی دەگەڕایەوە بۆ ئوردگا. وەک خۆی دەیوت ئەوە جێبی شۆڕشە. ئەوەی هەژار بی دەتوانی سواری بێ..

ڕۆژ هاتوو چوو، سامان نەیتوانی لەبەر سامانی بازاردا خۆی بگرێ، ناهەقیش نەبوو لەو ئیرانە، هەموو شتێ بێجگە قوربانیی خوێن، کە  لە ڕێگەی عەلیدا هەرزان بوو، نرخەکانی دی ئاگری تۆڵەیان لەسەر ملی خەڵک دەکردەوە.

من کەم جار سواری جێبە شڕەکەی کاک سامان دەبووم، چونکە نەک تەنها جێبەکەی سامان ئەو، بەڵکو لەبەر ئەوەی جادەی نێوان ئوردوگا و شار خۆڵ بوو،  لەو سەر جادەیەدا چڕە گەردیلەی تۆز، وەک مارێکی

قاوەیی تا دە مەتر، بە دوای ئۆتۆمبێلەکاندا دەکشا، ئەو نەفەرانەی کە  لە پشتەوە سوار دەبوون، تەواو لە تۆزدا دەگەوزان، ئەو ئاو و توانایەش لە ئۆردوگاشدا نەبوو تاکو مرۆڤ خۆی بشوا،، ڕێگە کردنەکە باشتر بوو!

نێوەڕۆیە و گەرمە، تەنها جێبەکەی سامان(جێبەکەی شۆڕشی نوێ)، دوو نەفری کەمە، لە تەرمینالی ناوشاری جوانرۆ وەستاوین، بۆ ڕەحمەتی تەنها دوو نەفری دی. دوای قەدەرێک نەفەرێک بە باوەشێک وێنجەوە* دەیەوێ سەرکەوێ، کاک سامان دەیبنێ و تورە دەبێ. کاکە من هەموو رۆژێ ناتوانم ئەم جێبە بشۆم،  خۆ بارگیر نیە، برۆ یان بە کۆڵ بیبەرەوە یان گوێدرێژێکی بۆ بگرە، تۆ نازانی(لاستیک) تایە گرانە، ئەمە قورسە، کرێی هەشت کەسیشم  بدەیتێ سوارت ناکەم.. هتد لەو وەڵامە بێ تامانە. کابرای داماوی دابەزاند، . سامانی هەژاران جار جاریش هەندێ ووشەی فارسیشی تێکەڵاوی قسەکانی دەکرد،، من و برادەرێک زۆر سەرزەنشتی سامانمان کرد، بەڵام سوودی نەبوو، ئەو بەردەوام هەر باسی تێچوون و کرێ و... دەکرد.

من ڕۆژی دوایی ئوردوگام بەجێهێشت، بەڵام بیستمەوە کە کاکە سامان بوەتەوە بە پێشمەرگە و چارەنووسی جێبەکەشی خستوەتە دەست پێشمەرگەیەکی دی کە هەمان کاسپی بکا، لە هەمان شوێن و خەتدا..

---

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی

ناوەراستی بەهاری ١٩٩٠ ئۆردوگای ئەنساری جوانرۆ





---

- وێنجە: گیایەکە دەیدەنە ئاژەل وەک لەوەڕ
- تێبینی: ئەم یاداشتانەم پێش پتر لە ٢٥ ساڵ تۆمار کردون و وەک خۆیان دەیاننوسمەوە. لەبەر ئەوە داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم، کە بەدڵیان نەبێ. من تەنها ئەرکی کامێرایەکەم کێشاوە و ناتوانم وێنەکانیان/ناوەڕۆکەکانیان بگۆڕم. تەنها من خاوەنی ئەوانە نیم.
- هاوڕێ جەلال دەباغ، ئەندامی سەرکردایەتی حشع
- مەبەست لەبەرەی نێوان بەعس و شیوعی ساڵی ١٩٧٣

**ئۆستا جەمال:**
**سەردانی سەرانی  ئەیلول و گولان دەکا**
**تەنها پارەی رێگاکەی بۆ دەبژێرن!**

**لە مەیدانی کرێکارانی جوانرۆ**
**یەکی حەوتی ١٩٨٩**

بەیانیەکی زووە، تاریک و لێڵە لە خەو هەڵساوم، نیازم وایە بەرەو شار بکەومەڕێ،  تا کو بۆ چەند سەعاتێکیش بێ،  کارێکم دەستکەوێ، لە وێندەرێ هێزی خۆم بفرۆشم و رۆژانەیەک وەرگرم. من هەنگاوی خێرا هەڵدەهێنم و لە دوای منیشەوە کەسێکی درێژ و کەمچە بەدەستێک* دەیەوێت پێم بگاتەوە. لەبەر ئەوەی لۆقەکانی ئەو درێژن و بالآی بەرزە، دەگاتە ئاستم و بەدەم رێیەوە خۆی پێم دەناسێنێ. من ناوم  (ئۆستا جەمال)ەو خەڵکی خانەقینم، چەند مانگێکە کەوتومە ئەم ئۆردوگایە و لە ئاوارەکانی ١٩٧٤ م. لەبەر نەبوونی نەمتوانی لە شاری کرمانشدا لە کرێچیەتیدا بژیم.

بەدەم باسەکەی ئەوەوە و گوێگرتنی من، دەگەینە چوار رای ناو مەیدانی کار لە جوانرۆ. وا  وەستاوین بۆ کار، کابرایەک بەرەو رومان دێت و بە فیزێکەوە دەپرسێ: بە ١٠٠ تمەن کاردەکەن؟  ئوستا جەمال خەریکە بەڵێی بۆ بکا، من دەڵێم نا. چەند کەسێکی دیش هەروا دەپرسن، وەلامیان نادینەوە. دوای پتر لە نیو سەعات، کابرایەکی بالآبەرزی مشکی بەسەر دێت و دەڵێ: وەرن لەگەڵ مندا، دووسە باشە؟ هەردووکمان پارەی نانی





نێوەرومان پێنیە و دەپرسین بە قاوڵتی و نهارەوە*( نانە درۆزنە وچیشتی نیوەرۆ) وە، ووتی: بەسەر چاو!

 لەو  ناوەدا گوێم لێ بوو هەندێ کرێکاری دی، دەیان بۆلآن،  کە ئیمەی عێراقی نانی ئەوانمان بریوە. وتیان باش بوو ئەمرۆ وەک دوێنێ، ئۆستا جەمال بێ ئەرزش و هەرزانی نەکردین! لەوێڕا، راپۆرتێکی جورج ئەندریاتی سکرتێری حزبی شیوعی ئیتالیم بیردەکەوێتەوە، کە نوسیبووی، سەرمایەدارەکان بۆ دژایەتی کرێکارانی خۆماڵی و هەرزانکردنی نرخی کار، بۆیان بکرێ مردوەکانیش دەخەنە کار. هەستێکی زۆر سەیرم لا دروست بوو، خۆ لەڕاستیشدا وایە..

ئەو کابرا راستگویە،  دەمناباتە کێڵگەکەی خۆی بۆ ئەوەی کاری تەبانە* و کوکردنەوەی زەل و گزرە و هەندێ ئیشی دی بۆ بکەین. تا نیوەڕۆ کاردەکەین و چێشتێکی باشیشیمان دەداتێ. دوای ئەوەی هەڤال جەمال نوێژەکانی دەکا، دەگەڕێننەوە بۆ سەرکار، بۆ شانسی خاوەن کار، زۆر نابا تەبانەکە دەوەستێ. جەمال دەڵێ: ئەمجارەش بەختم وەک هەردوو شۆڕشکە کورتی هێنا، منیش بۆی دەسەنمەوە، نەک هەر کورتیان هێناوە، بەڵکو وەک ئەم تەبانەیە تەنها خڕەخڕەیان کردوە خەڵکیان داوە بەکوشت!  ئێ کاک جەمال! کردمان ئەمجارەش خانومان بۆ بەرپرسکانی شاخ دروست کرد، با ئەوەش بروا!  بۆڵە بۆڵی چیتە؟ کاک جەمال دەیکاتە سیاسەت و بە گاڵتەوە دەڵێ: بەخوا ئەم شیوعیانە تانەبازێکی ساختەچین، ئیستە بلێم کۆمۆنیستێکم لەگەڵدایە دەتگرن! وەلامی دەدەمەوە، جا بڵێ! منیش دەڵێم ئۆستا جەمال لە خۆشی هەڤال عومەری

سوننەکان کوڕێکی ناو ناوە عومەر و لە عەلی پەشیمان بوەتەوە! زۆر پێ دەکەنێ..

لەبن داربیەکی ناو باخەکەی خاوەنکاردا دانیشتوین، هاوسەرەکەی و کچەکەی چایمان بۆ تێدەکەن و پرسیارمان لێدەکەن. ئیمەش سەریان بۆ دەلەقێنن و هەندێ جاریش بە شەرمەوە وەلامیان دەدەینەوە. کچەکەی پەلەیەتی بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە تاقی کردنەوەی عەرەبی هەیە و گلیەیی ئەوەش دەکا کە کەس نیە یارمەتی بدا. منیش بە هەلی دەزانم پێی دەلێم من دەتوانم هاوکاریت بکەم، بەلام لە باوکت پرسیاری ئەوە بکە ! زۆری پێخۆش بوو، دایکیشی هەروەها. لەو قسانەدا بوین، باوکی هاتەوە و دەستمان بەکارکردن کردوە.

تا دەمەو تاریک کار دەکەین، جار جاریش ئۆستا جەمال چەند جنێوێکی نایاب دەگرێتە بنەماڵەی بەرزانی کە ماوەی شەش مانگە موچەی پێشمەرگایەتیان پێ نەداوە. هەر کە مەلۆیەک کودەکاتەوە، ووشەیەکی زبری وەک مەزە بەدوادا دەکا: ئاخر وەڵا ئەگەر لە ١٩٧٤ وە دڕکم بفرۆشتایە ئیستە دەوڵەمەندی ئێران بووم. من و ئەو دکتۆر شەوکەتە سمێڵە، پێکەوە چوینە ناو ڕیزەکانی ئەیلولەوە. ئەو هێندە دەوڵەمەند بووە کە پارە بۆ کچەکەی دەنێرێ بۆ ئەوروپا، منیش چوار منداڵم هەیە، کە هێندەی گەماڵە بەرەلاکانی بەر بنکەکان تێر نین. وتم شۆڕشی ئەیلول پارەی نیە قەینا، بەلام خۆ شۆڕشی گولان هێندەی قەرارگایەک هاوکاری ئێران وەردەگرێ، نازانم ئەو سەگبابانە ئەو پارەیە دەکەنە قورگی کێیەوە؟ بە خوا کاک ئارام چووشم بۆ زێوە بۆ لای سەرکردایەتی، کە



یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ........................................................................ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٥

ماسولکەو و خەباتی خۆمیان پێ بلێم، بەلام بە هەزارحاڵ پارەی ڕێگەکەم لێ سەندنەوە تاکو بگەمەوە لای منداڵەکان. جا ئەوە مەهزەلە بوو کە وێنەیەکی سەرۆکیان دامێ، بروابکە بایی خواردنی دوو ڕۆژی مناڵەکانمە... گولانی چی، دنیایان گولکردوە. ئیستەش دەیانەوەی بچم پاسەوانییان بۆ بکەم، ئەی تر، یەکێ نەزانێ قوات خاسە دوایان کەوتووە، ئاخر ئێوە بە خاو و خێزانەوە چەند سەد کیلۆمەترێک لەدوای پاسگای پاسدارەکانن، کێ تاقەتی هەیە پەلاماری ئێوە بدا...!

ئەگەر بەردەوام گوێم لە ئۆستا جەمال بگرتایە، داخی دوو بزوتنەوەی دەکرد بەسەرو گوێلاکمدا، هەتا تەبانەکەش زرمە زرمی بەرزبوایە ئەو دەنگی بلندتر دەکرد، بۆیە وتم: وا خاوەن کارەکە دەلێ تەبانەکە بکوژێننەوە و وەرن نان بخۆن..

<u>نانی شێوێ</u>

خاوەن کار زۆر خاندانە، خوانێکی باشی بۆ ئامادە کردوین و یەک یەک ئەندامی خێزانەکەی وەستاون و بەخێرهاتنمان دەکەن. تەنانەت تکا دەکا کە خۆمان بشۆین ئەوسا بڕۆین! نانمان خوارد و لە باتی دووسەد تمەن، یەکی پەنجای دی داینێ و یەک دنیا ڕێزی لێ گرتین، بەلێنیش دا کە تا حەفتەیەک کاری بۆ بکەین.

بۆ گاڵتە بە (ئوستا جەمال)م وت، تازە تۆ دەوڵەمەند نابی. بەلام من لەم ئیوارەیەوە بریارم داوە لەم شەمەندەفەر دابەزم نەبا لە دواڕۆژدا وەک تۆم لێ بێت و شۆڕشیکی دڕکان بەرپا بکرێ، ئامادەم نیم دڕک پێیەکانم

برینداربکا و چەند شەوکەت و مەوکەت شان و شەوکەتیان بە ناوی منەوە بتەکەێنن!

... نۆی ئێوارە دەگەیینەوە ئۆردوگا، ماڵی پورم و مامۆستا مەحمود زۆر نیگەران دەبن بە دواکەوتنی ئێمە. بەڵام هاوسەرەکی ئۆستا جەمال وتی: من فیرم، جەماڵەکەی من تا ئێستا یەک مانگ بە تەواوەتی نەکەوتوەتە ماڵەوە، هەر خەریکی جەمالکردنی ماڵی خەڵکە.

شایەنی باسە، ئەو کابرا جوانڕۆییە زۆر رێزدار بوو.. تەنانەت ئەو چەند سەعاتەش کە من وانەی عەرەبیم بە کچەکەی دەوتەوە، بە زۆر کرێی ئەوەشی دەدامێ..

---

* کەمچە: ئامرازێکی دەستی ئۆستای خانوبەرەیە
* م مەحمود: پێکەوە لە یەک ماڵ بووین لە ئۆردوگای جوانڕۆی ئاوارەکانی هەڵەبجە
* تەبانە: ئامێرێکە ئالیف و گزرە، بڕوێش و شەوەری ئاژەڵ پێ دەهاڕن





**حزب پارەی نیە،**
**بەلام هەر بۆ ئێمە، کێ دەزانێ بۆ؟**

مانگی حەوتی ١٩٨٩یە، ساڵێک و چەند مانگێک بەسەر تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە تێپەڕیوە، ئاوارەکان زۆربەیان دەستکورتن، ئیمە لەوان ڕەجاڵتر، حزبە حەیاتەکەی ئێمە تەنها ٧٥٠ تمەنمان مانگانە پێ ڕەوا دەبینی(پارەی دوو گلۆز جگەرە)، چونکە بە قسەی سەرکردەکانی ڕێکخراوی هەڵەبجە و سلێمانی ئەو حزبە (**مام بارام کە هەندێ هاوڕێ ناویان ناوە مام بۆکان، حاجی مەکی هەرچەندە کە هەرگیز لە ژیانیدا مەککەی نەبینوە و شیخ سەعید بێ تەکییە)*** :/- ئێمە لە ئوردوگا هێندە قەل و مریشکمان دەدەنێ، بە ڕادەیەک لێمان بەڵایە، کە دەترسن تووشی داء الملوک* ببین و ببینە پاشای ئەوان و جەستەمان تاقەتی شاخ و داخی نەمێنێ. ئەوە هەڵسەنگاندنی ئەوانە. ئەوە سەرباری ئەوەی کە هەندێ بەرپرس شەپلی شەپان دەکەن بە پۆڵ و پارەی گۆمرگی قەندیل ( لە چەکوش و سادر) و بە باجی ڕوسەکان سەیرانی شارەکانی ئێران دەکەن و هەندێک خۆیان دەمەزەرد دەکەنەوە.

لە بنکەکانی حزب لە نۆکان، قاسمە ڕەش، ناوەزەنگ ، خواردنی بەیانیان هەمەجۆرە: پەنیری مانگە بە خەندەکە، پەنیری کوردی دەوارەکانی قەندیل، کەرە، سیراج، هەفتەی جارێ کەڵەباب. لە شوێنێکی وەک دۆڵەکۆگا، کە زستان, بەفر لە جیهانی دەرەوە وونی دەکا، حزبی کرێکاران هەشتا قەل دەکڕێ و بە هەنگاوێک ، پێشی جەلال تاڵەبانی دەداتەوە کە قەلخۆرە و شوانی عەلوعەلوی هەیە. وەک هاوڕێ فازل*

پێی وتبوون: تەنها پارەی ژەمێکی ئەو خواردنە بە هاوڕێ و خێزانی ئوردگاکان بدەن، کە بە ناهەق فڕەدەرێ، زگی  زۆر لە منداڵی ئاوارە تێردەکەن کە خەریکە ناوی گوشتیان لە بیر دەچێتەوە.!  با ئەوەش بوەستێ،  کە لەو ماوەیەدا، یەک ملێون دینار دەدەنە پارتی بەقەرز.. ئێمە لە ئۆردوگا هێندە تەماتەمان دەخوارد، ناومان نا بوو خەم و پەژارە..

**شەوێکی تەقە**

لەبەردەم چێشتخانەکەی (دۆڵە کۆگادا)* پاسەوانم،  کاتژمێر نۆی شەوە، هاژەی ئاوی چەمەکە هێندە بە پرتاو دێتە خوارەوە، مرۆڤ کاس دەکا، هەستم کرد تارماییەک دەجولێتەوە،  هێندە نابا گوێم لە ریزێ فیشەک دەبێ و نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، دۆڵەکە دەنگ دەداتەوە. تەقەکە چەند مەترێک نزیکە، یەکسەر منیش بەو ئاراستەیە وەلام دەدەمەوە، ئەوەی بەرامبەر بێ دەنگ دەبێ، بەردەوامم لەتەقە و هاوڕێیەک بە ناوی زمناکۆ(خەڵکی خانەقین و کەمێ دەشەلێ) هاوار لەو هاوڕییانە دەکات کە سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەن، کە خۆیان ببەستن، کەس گوێی لێ نابێ، ئەوان دەنگیان داوە بەزنجیرەیەکی میسری کە (شهریار)* وەک پەرییەکی عەرەبی خۆی تاسولوس کردوە و بێ ئاگان. ناچار، وایری تەلەڤیزیۆنەکە ڕادەکێشم. ئەو هاوڕییانە هێشتا گوییان تەقەکان نابیستێ، هەرچەندە، چەند مەترێک تەقەکان دوورن. خۆشبەختانە  زیان ناکەوێتەوە..





لەسەرو ئێمەوە بنکەی لقی پشدەری حزبی لێیە، لە خواریشەوە بنکەیەکی یەکێتی و لەژوور ترەوە،  ماڵێکی سەربە ئەوان. تەقەکان کەسێک کردی دیارە زۆر شارەزا بوو. بەپرتاو دەچم هاوڕییانی پشدەر ئاگادار دەکەمەوە، چەند تەقەیەکی دی بە ڕوی بنکەکەی ئێمە دەکرێ، من و دوو هاوڕیی دی ، ئیدی خۆمان ئامادە دەکەین بۆ شەڕ، دیسان وەلامی دەدەینەوە. هەوڵیش دەدەین هاوڕییانی لوتکەی چەکوش* سادر ئاگادار بکەینەوە، ئەوانیش بە ئاگا دێنەوە و..

زۆر سەیرە! بە هاوڕێیانی پشدەر دەڵیم، کە ئەو تەقەیە لە ئێمە و ئیوە کرا.. کەمین دەرەکەین، بەداخەوە هەندێ لە هاوڕیانی بنکەکەی خۆمان ئامادەنین، چەندێکی دییان باوەڕ ناکەن، یەکێکیان لەوانە ئەبو لینا*، تاوانباریشمان بەو دەکات کە ئێمە بۆیە ئەو تەقەیەمان کردوە کە ئەوان سەیری تەلەڤیزیۆن نەکەن. لێ رۆژی پێشتر، هەندێ هاوڕێ عەرەب وکورد زوو زوو دەیانخستە سەر کەناڵی عەرەبی، هەرچەندە ئێمە گوێمان لە گۆرانی کوردی دەگرت! کە پێمان وتن بۆ دەیگۆڕن!، یەکسەر بە نەتەوەیی تاوانباریان دەکردین. ئیدی ئەو تەقانەیان بە پیلانی ئێمە دەزانی..

تا بەیانی من و چەند هاوڕییەکی پشدەر لە کەمین دەبین. بۆ بەیانی ئەبو لینا (نهرو) بانگم دەکا دەڵێ: "ڕفیق ارجع للمجمع انت زودت کردیتک!" (هاوڕێ بگەڕێوە بۆ ئۆردوگا، تۆ ئەم کوردایەتیەت خەستکردوە) منیش زۆر تورە دەبم، پێی دەڵێم. لەگەڵ بەعسیشدا ئاوا پشتوێنتان بەستبوو، لە پشتئاشانیش هەروەها، هەڵەی دوانی وەک ئێمەیە کە بەرگری

دەکەین، دوێنی شەو حاڵی مولازمەکانت جوان بوو کە لە ڕوسیا خوێندویانە و نەیان دەزانی چەکەکەیان لە کوێیە! هێندەی دی تورە دەبی و تورە دەبم.. پێی دەڵێم: پێنج ساڵە لە کوردستانی، هێشتا بەیابت باش بەتەواوەتی نازانی، بەڵام خۆت فێری ڕوسی دەکەی وادەزانی ڕوسەکان فرۆکەت بۆ دەنێرن کە لەوێ داوای پەنابەر بکەی! هاوڕێیەکی خەڵکی بەسرەش هیۆرمان دەکاتەوە... بریار دەدەم بگەرێمەوە بۆ ئۆردوگا،

هێندە پارەم پێیە کە لە بنکەوە بگەمەوە ئۆردوگای جوانرۆ. لە پشتی کوێستانی زرگوێز لە قەندیل، سواری پەیکانێک* دەبم و ئەوسا دەگەمە ئاڵەوەتان و دواتر لە میراوێ سواری مینیبوس دەبم.. لەرێگەم بۆ شارۆچکەی سەردەشت. لە تەرمیناڵی ئەوێ، بەرێکەوت (هاوڕێ حەمەڕەشید قەرەداغی، عەتا و هاوڕێ ئەبو تەها عەرەب و هاوڕێیەکی عەرەبی دی) دەبینم، سواری ماشینی سەواری* دەبن کە کرێکەی چەند بەرابەری پاسە.

لە ئامێزی ڕێدا، سەوزایی داربەروەکان و ئاوی زێ دەمباتەوە بۆ ناوی گوندەکانی عەسکەر و گۆپتە، بۆ ئەو ڕۆژەی کە هاوڕی مەناف و هاوبیرەکانی(١٩٨٨/٥/٣) لە ناوەراستی ئاوی زێدا دوا نیوەڕۆیەکی خوێناوی کوپتەر شەهیدی کردن. هێندە ئەندێشەی ئەو ڕۆژە نەهاتە، زاڵە بەسەرمدا، خرەخرِی مینی بوس و دەنگە دەنگی سەرنشینەکانم گوێ لێ نابێ، لە بیرم دەچێتەوە کە نابەرابەریش لە نێو کۆمۆنیستەکاندا هەیە...





هەر ئەو ڕۆژە لای نیوەڕۆ دەگەمە شاری بانە. لەوێ، خواردنێکی سادە دەخۆم.. و تا سەقز ناوەستم. لەبەر ئەوەی لە شاری سنە، شەوم بەسەرد نەێت و تووشی کێشەی بەڵگەو مەڵگە نەبم. شەو لە ماڵی هاوڕێ دەرسیم(سەرکەوتی هاوڕێ نوری) دەمێنمەوە، شارە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات پڕن لە سوپا و بازرگە، دەزگای سیخوریی ئیتلاعات دار و بەردی داگیرکردوە، لەوێ تا بەیانی لەگەڵ دەرسیم، قسان دەکەین و هەندێ جاریش سەرو گوێلاکی هەندێ بەرپس دەدەینە بەر ڕەخنە..

بە هەرحاڵ، ئێوارەی دوایی دەگەمەوە، شاری جوانرۆ، زۆر هیلاکم و لە لانەوازن (ژوورەکەی م مەحمود) تا درەنگانی ڕۆژی دوایی پشو دەدەم. لە بێ پارەییدا، هەرچەندە لەڕو لاوازم، هەوڵ دەدەم کارێک بدۆزمەوە.. ئەوە حاڵی زۆربەی هاوڕێیانی بە تالیۆنی حەوت بوو، ئەوە تۆڵەی هەندێ لەو بەرپرسانەی خۆمان بوو ، کە ئێمەیان لە ناوی قورگی ئەنفالی بەعس و هەندی چەکداری پارتی و یەکێتی سەر بە حکومەت بە جێهێشت..خۆشیان هایلاڤ دەژیان.

---

- داء الملوک: نەخۆشی جمگەکان و هەوکردنیان...
- پەیکان: پیکابێکە جێگەی چوارکەسی تیا دەبێتەو ولە هەمان کاتیشدا وەک پێکابە\
- سەواری: ئۆتۆمبێلی تاکسی یان کە تایبەت دەگیرێ،،،گرانە
- ئەبو لینا: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، دوای پتر لە هەشت ساڵ لە کوردستان، تەنها بەیانی باشی فێر بوو بوو.

- هاوڕێ فازل: هاوڕییەکی عەرەبی دلسۆز و مرۆڤپەروەر بوو، کە کوردییەکی باش فێر بوو بوو.
- لوتکەی چەکوش: دوو لوتکەی قەندیلن کە دەڕوانن بەسەر قەڵادزێ و ڕانیە و ئەو بنارە..





**ئەشرەف  چاو جوان: -**

**مام جەلال وتی: گۆپتەپە جوانتر دروست دەکەینەوە!**

**منیش وتم: ترحێو!**

شەوێکی هاوینە، دوو ڕۆژە پتر تانکەرەکانی ئیمام ئەلزەمان(خومەینی)، ئاویان نەهێناوە بۆ ئاوارەکانی ئوردوگای ئەنسار لە شاری جوانڕۆوە. لەبەر ئەوە  هەندێ خێزان بە ناچاری ڕودەکەنە  کانیی باخێک کە دەکەوێتە دەرەوەی خێوەتگاکە.خاوەنی ئەو باخەی کە کانییەکی تیابوو، هێندە چاوچنۆکە ئەگەر بۆی بکرێ، بێ پوڵ ناهێڵێت کەس بەشی تاراتێکیش مەسینەیەک پڕ بکا..

**ئەشرەف چاوجوان کێیە؟**

ئەشرەف چاوجوان کوڕێکی خانەقینی قسەخۆشە و پێشمەرگەی یەکێتیە، کەسێکی سادە وخاکییە و بە گێرانەوەی خۆی، دەمێکە پێشمەرگەی ئەو حزبەیە. بەلام لەبەر هانی هانی ئالای شۆڕش* کەمێ پەراوێز کراوە، وەک خۆی دەڵێ : هەندێ جارێ بۆ ئەوەی یەکێتی کەسانی وەک ئێمەی لە کۆڵ ببنەوە، چالاکییەکی سەربازی ئامادە دەکا و ئێمەومانان وەک پاسدار بۆ ئازادکردنی کەربەلا دەکاتە قوربانی، وا دەزانێ خۆمانمان لی زیادە. دواتریش کاروانێکی شەهیدانمان بۆ دەڕازنێتەوە..

ئەشرەف چاوجوان ، تەنها چاوی جوانە و وەک خۆی دەڵێ ئەو نازناوە، تەنها گاڵتەیەکی گەورەیە بە من دەکرێ. جارێکیان لە گوندێکی ناوچەی شارباژێر پێشمەرگەی یەکێتی دابەش دەبێ، بەرپرسەکەیان بە ئەنجومەنی* دێیەکە دەڵێ: ئەم چاو جوانەمان لە ماڵی بۆ دابنێ کە زوو بگەینە لای، چونکە چاوی کزەو و بە ئاسان ناگاتە لامان. لەو ساوە ئیدی ئەشرەف نازناوی چاوجوانی پێ دەبەخشرێ. هەرچەندە ئەشرەف بە حاڵ دەتوانێ پێڵوی چاوی بەرزدەکاتەوە..

**مامە گیان وتی: گۆپتەپە جوانتر دروست دەکەینەوە.**

شەو درەنگە و ژوورەکەی لانەوازانیش* لە دوکەڵی جگەرەی مامۆستا مەحمود و ئەوانی دی قاو دراوە*، تەنها من و ئەشرەف چاوجوان جگەرە خۆرنین، بەلام بەهۆی دوکەڵی جگەرەکانی ئەوانەوە، بوری هەناسەی ئێمەش ڕەنگە وەک لولە سۆبای ڕەش هەڵگەڕاوی لێ هاتبێ ، ئێمە تەنها جگەرەکان بە دمانەوە نیە، بەڵام لە راستیدا ئێمەش دەیکێشین. ئەشرەف بەردەوام قسەمان بۆ دەکات و من برادەرێکی دیش، پێش ئەوەی کۆتایی بە باسێک بهێنێ، بابەتێکی نوێی بۆ دەکەینەوە و پتر چێژ لە قسەکانی وەردەگرین. لام وایە ئەو شەوە زۆربەی دراوسێکانمان نارەحەت کردبوو..
لە ناو باسەکاندا، سەرنجم ڕای کێشام کە لێی بپرسم، ئەرێ کاک ئەشرەف بۆچی، یەکێتی دووبارە سزای دایتەو، زانیمان جاری پێشو لەسەر ئالای شۆرش بوو، ئەی ئەمجارە لەسەر چی بوو؟





ئەشرەف وتی: نیوەڕۆ بوو لەبارەگا دانیشتبووین، مانگی پێنج بوو، پێم بە حەواوە بە دیوارەکەدا هەڵواسی بوو، لەپڕ گوێمان لەوە بوو کە گۆپتەپە و عەسکەر و گوندەکانی ڕۆخ زێ، بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کراون و خەڵکێکی زۆر کوژراو و بریندارە..دوای ئەوەش یەکسەر مام گیان قسەدەکا: دوژمن لەبەر ئەوەی بە پێشمەرگە ناوێرێ، چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنێ، بەلام خەیاڵی خاوە ، گۆپتەپە جوانتر دروست دەکەینەوە. ئەشرەف وتی: منیش نەمکردە نامەردی وتم: تڕحیو، کوا حەمام بەتڕ گەرم دەکرێ، ئەمە شەڕی کورد تڕێنە! تومەس ئەو برادەرانەی کە لە ژوورەکەدا گوێیان لە من دەبێ، راپۆرتێک دژی من دەگەێننە ئەوانەی سەرەوە..

" ئەشرەف، بەردەوام قسە دەکا و ئێمەش چای لەسەر چای بۆ تێدەکەین. ئەدی ئەشرەف چۆن تا ئەمرۆ ماویت و لە جالاکییەکی نەبەردیدا شەهید نەبوویت؟ کاکە! من چاوم جوانە و هەر چاوەکانیشمن کە زۆرجار لە مردن رزگارم دەکەن، بۆ من زەوەی بە باشی دەبینم تاکو چەک بکەمە شانم و قەرەوڵ بگرم!

کەواتە، کاکە ئەشرەف، ئیستە سزا دراوی بۆیە ناگەڕێتتەوە بۆ سەقز؟ بەڵێ بەڵێ! هەر بە تەنیا نیم. عەشرەتێکم لەگەلدایە،،چاوەڕێی کوردستانی نوێم..مامە دوای گۆپتەپە بەڵێنی داوە کوردستان سەر لەنوێ ئەمجارە بە بلۆک دروستی بکاتەوە، بەلام پێم وایە لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک

تێپەڕناکات. دوریش نیە قاسمەڕەشیش بەجێبهێڵێ...بە خوا قورێشمان دەست ناکەوێ...بوینەتە یاری دەستی ئەوان..

دەمەو بەیانی هەموومان خەومان لێکەوتوو، بەلام باجی عەینایەکی درواسێمان چەند مریشکێکی هێلەکەکەری هەیە و هێندە گار گار دەکەن خەومان لێ دەزرێنێن..

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی

سەرەتای هاوێنی ١٩٨٩ ئۆردوگای جوانرۆ

---

- ئالای شۆڕش: ریکخراوێک بوو ساڵی ١٩٨٤ لە ناو یەکێتی دروست بوو، بەڵام پێش ئەوەی گەشە بکا، یەکێتی لەناوی برد و زۆربەی کادیر و سەرکردەکانی سزادا
- تێبینی: ئەم یاداشتانە کۆنن و هی سەردەمی خۆیانن، هەر دۆست و برادەرێکیش ڕەخنەیەکی هەیە، دڵمان کراوەیە بۆی. بەڵام ئامادە نیم ناوەڕۆکیان بگۆرم، جونکە بەشێکن لە ژیانی ئەو کەسانە و بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە.
- قاودان: بۆ دەرهێنانی هەنگوینی هەنگاڵە، هەنگوانەکان، بە دارێکی دوکەڵاوی قاوی هەنگەکان دەدەن تاکو لە شانەکەیان دوور بکەونەوە. ئەو دارەش پێی دەلێن چلۆسک.





**کەریم ئەحمەد: خۆم هەڵنابژێرمەوە**
**پێنجی هەشتی ١٩٩٠**
**بارەگای ناوزەنگ، بن مامەندە**

تەنها ناوچەی قاسمەرەش و تا دەچێتە دۆڵەکۆگا و گویزێ بەدەستی پێشمەرگەوە ماوە، زۆربەی هیزەکان پەسێونراونەتە ناو سنورەکانی نێوان هەردوو پارچەکەی کوردستان، و خێزانەکانیش لە ئۆردوگاکان، ئەوانەشی کە پوڵیان هەیە شوێنی باشیان لەشارەکانی ئێران بۆ خۆیان گرتووە. دیسان لێرەشدا پارتی و یەکێتی، بەسەر دوو دەڤەردا دابەش بوون. بەرپرس و هەوادارانی یەکێتی زۆربەیان لە شارەکانی سەقز و سنە دەژین. پارتی زیوە و کەرەج و ئیسلامیەکانیش پاوە و نیزیک قەرارگاکان. ئەوانەی حزبی شیوعیش لەملا ئەولا بلاوەیان کردوە.

سێ رۆژ تێپەریوە بەسەر گرتنی (کوێت)دا لەلایەن سوپای عێراقەوە، پێش ئەوەش حکومەت لێبوردنی گشتی داوە، ئامانجی گەڕانەوەی هەندێ خەلکی دییە بۆ سەربازی. حکومەت جار جارێ دڵی نەرم دەکرد، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە دژایەتی دەکەن وەک باڵداری سەرلێشواو بیانخاتە تەپکەوە. کۆمەڵێک بێ بیرکردنەوە دەرۆنەوە، گوێمان لێیە هەندێکیان لە رادیۆ کوردییەکی بەغداوە، دیمانەیان لەگەڵ دەکرێ، عەبدولا ناوێک کە فەرماندەی پارتی بووە و بەشداری دوو شۆڕشی کردوە، پەشیمانی دەنوێنێ کە چ غەدرێکیان لیکردوە، یەکیکی دی لە بەر مەستی چاوی دەسگیرانەکەی و هەندێ دەڵێن لەبەر نەبوونی گەراینەوە. جەمال* بەرواری دەم لوسیش، زوو زوو دەڵێ: بەخێر هاتنەوە بۆ ژێر سێبەری

شۆرش و سەرۆکی فەرماندە. هاوڕێ سەید عەلی جەباری و مام بارام، ئێمە بە تەنیاش بێ، لەم شاخە دەمێنیەنەوە. هاوڕێ ڕێباز گاڵتەیان پی دەکا و دەڵێ: ئەو دووانە دروشمی (جنگ جنگ تاپیروزی)*یان هەڵگرتووە، جا کێ ئێوە دەگرێ و چیتان لە بەعس کردوە، تا لێرە بن!

**کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ**
**بنکەی ناوزەنگ ١٩٩٠**

کۆبونەوەیە ، بە ئامادە بوونی کەریم ئەحمەد، شێرەکەی چینی کرێکارانی کورد، کە هێشتا نازانێ کرێکاری چییە ڕەنگە کارگەشی تەنها لە وێنەی روسیدا بینی بێ. بە چەند پەتوییەک شوێنێکی نەرم و نیانیان بۆ کردوە بە عەرشی هارونە رەشید، تەنها چەند کەنێزەیەکی کەمە باوەشێنی بکەن. هاورِییەک لە پەنایدا قسەکانی بۆ دەنوسێتەوە،،..

باسەکان: **مەسەلەی نەتەوایەتی و گرتنی کوێت و دواڕۆژی عێراقە**..هاوڕێ کەریم، بە بەردەوامی باسە کۆنەکانی سالانی چل و پەنجا و شەست و حەفتاکان دەگێرێتەوە، کە چییان کرد و دەبێ ئێستە چی بکەن و هێشتا پێشی وایە کە هەڵەیە، بە سوپای عێراق بوترێ فاشی..

من و هاورێیەک دەست بەرزدەکەینەوە، باشە ئەگەر شەقامی عێراقتان بەدەست بوو، ئەدی چاوەرِیی چی بوون؟ کێ دەستی گرتبوون؟ دوو هاورِیی دی، ئەگەر سوپای عیراق فاشیست نەبێ، واتە هیتلەریش مرۆڤپەروەر بووە،،،تۆ نازانی چییان کرد بە هەڵەبجە..

کەریم ئەحمەد تورە دەبێ و هاوار دەکا بەسە نەتەوە پەرستی! ئێوە حزب چەند قاژ دەکەن! چەند هاورِییەکی دی: هاورِییان وا نابێ!





کەریم ئەحمەد هەروەک پێی وابێ، هەموو عێراق رزگار کراوە، دووبارەی دەکاتەوە، کە حزبمان بەهێزە و حکومەت هاکا روخا. حەمەی حەلاق : هاورێ سەرمان مۆڵگەی سوپای عێراقە و مامەندەیە، تۆ دەڵی لە جوگرافیاشدا لاوازی!. ئیدی کەریم ئەحمەد بە تەواوەتی تورە دەبێ بە ڕاشکاوی دەڵی:٠

هاورِییان من گەواهیتان دەدەمێ، کە ئەگەر ئەمجارە هەڵبژاردن بوو لە حزبدام من خۆم چیدی هەڵنابژێرمەوە، بزانم ئێوەی گەنج چی دەکەن!

هاورِییەکی دی، تۆ گاڵتە بە ئێمە دەکەیت، بەڵام هاوسەر و منداڵەکانی ئەتو لە کوێن، تۆ نەک تەنها مافی هەڵبژاردنەوەت نیە، بەڵکو هێندە لە دەرەوە بوون، بە تایبەتی لە روسیا، زیاتر هاونیشتمانی ئەوێن تاکو ئێرە، بێگومان کەسانی وەک ئێوە ئەو هەستە و خوێندنەوەیان نەماوە دەربارەی گەلی خۆیان..

کۆبونەوەکە تێک دەچێ کەریم ئەحمەدیش دوای ڕۆژی دوایی کەس نازانێ حزب بەرەو کوێ رەوانەی دەکا!

لە پەناوە لە هاورِییەکی دی(مام قادر) دەپرسم ئەرێ کەریم ئەحمەد، چی بەسەرهات؟ بەڵام وەلامێکی ترم دەداتەوە، کە خۆمان ئامادە بکەین هاکا جهموری ئیسلامی هەمووماني لە ئۆردوگایەک کۆکردەوە. دڵنیای کردم ئیران ئەوەش بکا، بەڵام رادەستی عێراقمان ناکاتەوە، ئەوەش پۆزەتیڤە،،،

بارەگای ناوزەنگ
٥-٨-١٩٩٠..ئاسۆ بیارەیی(ئارام هەورامی)

---

* تەپکە: تەڵەیەکە بۆ ڕاوی باڵندە،،،

* دروشمی جنگ جنگ تاپیروزی: دروشمی خومەینی بوو، واتە شەر شەر تاسەرکەوتن

**مارەکەی ناو گوندی دەرەی مەڕ و**
**تاوڵەکەی ئازاد قەرەداغی پارتی**

شوێن: کوێستانێکی هەورامانە و ناوەکەی بە خۆیەوەیەتی، وەنەناو (هەواری قەزوان)، ئەو شوێنە سازگارە، تا کۆتایی مانگی پێنج بەفری تێدا دەمێنێتەوە و وەک خەڵکی ناوچە دەیگێڕنەوە، سەیرانگا و سەرەڕێگەی بازرگانی نیوان هەورامانی باشوور و ڕۆژهەڵات بووە. وەنەناو، لەبەر ئەوەی لە ئامێزی کوێستانە، بەهارەکەی خۆی کەمێ دوا دەخا، چاوەڕێ دەکا، تاکو ئەو وەرزەی شوێنە دەشت و خواروەکانی نزیک تاڤگەی زەڵم*، تەواو بێ، ئەوسا، بە پۆلە گوڵزار و قەتارەی گوڵی هەڵاڵە برمە و کەما و لۆ، کە دەڵێی کۆمەڵێ باڵندی ئاشتین و وەنشیتون، خۆی برازنێتەوە. دەبێتە جێگەی کچگەل و گەنجانی هەورامان بۆ کۆکردنەوەی ئەو سامانەی کە یەزدان بە ئەوانی بەخشیوە، هەندێکێشان بۆ شکار و ڕاو، ئەوێ هەڵدەبژێرن. دور نیە ناوی بەهەشت لە دەها شوێنی وای کوردستان وەرنەگیرابێ و هاندەرێکی بووبێ بۆ هاتنی دەها سەحابە! من کە هەنگاو دەنێم هەموو جارێ ڕوماڵە باسەکانی باوکمم بیردەکەوتەوە، کە شوێنی لە دایکبوونی چەڤەرێکی دڵفرێنە . ئێستەش ئەو جوانیەم لەبەردەستدایە و هەندێ جاریش لە تولە ڕێگەکە لا نادەم، نەبا پەڕەی سووری هەندێ گوڵاڵە بژاکینم..

ئێستە خەو نابینم، لە لوتکەیەکدام، هەموو شارەزوورم لەبەردەستدایە و لە ناو فەرشی رازاوەی سروشتێکدام کە ناوی هەورامانە، هەورامانێک





کە وەک گۆران* دەڵێ ئاسمانی شینی گرتوەتە باوەش. منیش لە قەلاپشکانی ئەودام و چاوم لە نیشتمانە.

بۆ یەکەم جار مانگێک دەبی من لەوێم، مانگێک کەوا دەزانم ساتێکە، ئاوازەکانی بەیانیان و ئێوارەکان، قاسپەی کەون و پێش لێڵ بوون، زەردەی خۆر کە تا بۆی بکرێ خۆی ڕادەگرێ بۆم. دواتر، پێش ئەوەی تارێکی دابێ، ڕادەستی تریفەی مانگم دەکات و هێندەی دی دەبمە دۆستی هەسارەکان و چیا، هاوەڵی ئەستێرە گەشەی بە وورشە..

بەرەو چاڵە ئاوی چۆڕاوگەی بەفرێک دەچم، کە دەبەکان پرکەم بۆ هاوڕێیان، بە ئاوێک کە لە کۆی مرواری بەفری دانار دانار دەچۆڕێ. ئای کە چێژم لەو ڕێگەیە دەبینی، تەواو نزیک باکوری گوندی *(دەرەی مەڕ)م، کە ساڵی ١٩٧٨ بەعسییەکان دڵیان دەرهێنا بوو، خانوە روخاوەکانی گوندی (سەرگەت و گوڵپ)* یشم لێ دیارە، ئەو گوڵپەی کە باوکم ڕۆژێ لەڕۆژان لەوێندەرێ مامۆستا بووە.

نیوەڕۆیەکی هاوینی ساڵی(١٩٨٤ )ە، مەستی سروشتم و نیو کاتژمێر دەبێ، لە چادرەکەمان دور کەتووتەمەوە. دەنگی گوللەیەک ئەو ئەندیشە جوانانەم دەپێکی و وەک کەوی کوسارێ، ڕادەچڵەکێم، تەقەیەک کەروێشکە خەوی بەهەشتێکم لێ تێکدەدا، بەهەشتێکی ڕاستەقینە، نەخێر زرمەکان دەبن بەدوان و سێیان، ئەوسا هاوارێ، بەهەورامی بەداویدا دێت، مارگەستومی، فریام کەون! منیش چەند فیشەکێکی ئاگاداری دەتەقێنم و ئیدی هاوڕیان دێن بەدەممانەوە..

ئێمە و مەفرەزەیەکی پارتی (پدک)، پێکەوە مۆڵگەیەکی سەربازیمان لەوێ، بۆ پاراستنی بنکەکانمان لە کەرەچاڵ داناوە،،تەنها بەناو کەمینە، ئەگینا لە هەوارنشینین. دوو هاوڕیی و هەڤاڵێک دێن بەدەمانەوە. هەڤاڵێک بە ناوی ئەحمەد دەرەمەڕی، کە خەڵکی گوندی دەرەی مەرە، لە نیو کەلاوەکاندا، منەی شتێک دەکا، بەڵام مارێک پەنجەی دەگەزێ..

**بردنە خوارەوەی هەڤاڵ ئەحمەد،**
**بەرەو کەڕەچاڵ***

نێوان هەواری وەنەناو و کەڕەچاڵ، ڕێگەی تەنها چەند کیلۆمەترێکە، بەڵام سەخت و بەردەڵانی پڕ پوازگەیە. دوای یەک کاتژمێر، بە سواری ئێسترێکەوە، دەیگەێنینە خوارەوە، بەردەم بارەگای پارتی. لەوێ، ئازاد قەرەداغی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر خەریکی دۆمینەیە و لەوپەری سەرکەوتنی وازیدا، هۆشی لای کەس نەماوە.
پێی دەڵێم: هەڤاڵێکتان مار پێوەی داوە.. بە لاچاو سەیرێکی دەکا و دەڵێ: دە بە یەکجاری بیبەن بۆ لای دکتۆرەکەی حزبی شیوعی، کوا ئێمە دەرمان و مەرمانمان هەیە! بۆ منێکی تازە پێشمەرگە، زۆر سەیر بوو، پێم وت: ئەوە هەڤاڵی ئیوەیە و بریندارە!
وتی: جاخۆ مولگەی بەعسی نەگرتووە، بۆ شڕەخۆری چووە، مار پێوەی داو، ئەوە کێشەی خۆیەتی!
ئەحمەد دەرەمەڕیش بەدەم ئازارەوە: مەگەر ئیوە منتان نەنارد بۆ ئەوەی ڕێگەکانی نزیک مۆڵگەکانی سەر ئاوایی ببشکنم تا شەو لەگەڵ مەفرزەی پاسدار پێکەوە لەگەڵ ئێوە کێڵگەیەکی مین ئاواکەین!
ئازاد تورە دەبێ!





دەبرۆن، زوو بیبەن تا تەواو نەبووە، با ئەویش نەبێتە شەهید بەسەرمانەوە!
ئەحمەد دەبەینە لای دکتۆر (یەشار)ی خۆمان، دەرزی دژی ژەهری لێدەدا و تا چەند ڕۆژێک لەوێ دەمێنێتەوە..
لەوێ دەبێ، تا چاکبوونەوەی، لە هەڤالانی کەس سەردانی ناکات ، هەرچەندە نێوان بارەگاکانی ئێمە و ئەوان دوری هاویشتنی بەردە دەستێکە ..

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی
سەرەتای مانگی شەشی ١٩٨٤ دۆڵی وەنەناو/
لوتکەیەکی چیای هەورامان/دالانی/باشووری کوردستان

---

- دۆڵی کەڕەچاڵ: بارەگا حزبی شیوعی و پارتی تیا بوو
- وەنەناو: هەوارێکە دەکەوێتە نیوان لوتکەی دالانی و ئەو زنجیرە شاخەی کە دەڕاونێ بەسەر هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوادا. ڕۆژهەلاتی شاری هەڵەبجە.
- هەلاڵە برمە: گوڵێکی کێویلەی سوری بۆن خۆشە..
- کەماو و لۆ: گیایەکە هەورامیەکان بۆ لەوەڕی ئاژەلەکانیان هاوینان کۆی دەکەنەوە
- هەسارە: ئەستێرە بە هەورامی
- ئازاد قەرەداغی: فەرماندەیەکی لقی چواری پارتی بوو
- دەرەی مەڕ، گوڵپ و سەرگەت: چەند گوندێکی بناری هەورامانن، بەعس ١٩٧٨ رایگوستن
- ئەو وێنەیە لەئەرشیفی هاوڕێ شوانە لە فەیسبوک وەگیراوە..
- پدک: پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتەکەی مەسعود بەرزانی
- ئەحمەد دەرەمەری: پێشمەرگەیەکی پارتی بوو، خەڵکی گوندی دەرەی مەڕ، لە بناری هەورامان بوو. لە نیوان ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ بە هۆی هەژارییەوە، لەو سنوورە کاری دەکرد و دواتر وەک بیستم، کەوتبووە ناو کێڵگەیەکی مینەوە لە هەمان ناوچە و گیانی لە دەست دا بوو. شارەزایەکی زۆر کارا بوو.

**ئێوە بە ڕۆژ درۆ دەکەن و**
**بە شەویش دەمانکوژن!**

سەرەتای زستانە و ئێمە دەبێ بەپەلە بگەینە قەندیل، حکومەت هێرشی دەستپێکردوە. لە تەرمینالّی شاری سنەم نیازم سەقزە. شۆفێرەکان هەندێکیان زۆر چاوچنۆکن، خەریکی فێڵکردنن لە ڕێبوارەکان، کە ناچاریان بکەن کرێی زۆرتر بدەن. هەندێکیان هێندە بێ ویژدان بوون، تا نزیک ئێواران لە گەراج کەسیان سوار نە دەکرد. ئێمە چوار نەفەرین، من و دووانی دی لەگەل حەمە جەزای گۆرانی بێژ. بۆ ئەوەی لە شاری سنە نەمێنینەوە، نەچینە کۆمیتە بۆ هینانی پشتگیری کە پێشمەرگەین، ناچارین چەند بەرامبەر کرێی بدەین، ئەو شۆفیرانەی کە وەستاون، پێڕێکیان ئەو ڕاستیە دەزانن. چاوەڕێی نێچیری چاخترن*.

لەگەڵ یەکێک لە شوفێرکان لە پەناوە ڕێک دەکەوین کە هەزار و دووسەد تمەنی بدەینێ ئەگەر بمانگەێنێتە سەقز. بەفر و گلۆر گلۆر دەباری و وورده وورده خەریکە شاری سنە بەرگی بوکێنی دەپۆشێ، ڕێک دەکەوین. دەکەوینە ڕێ، شۆفێرەکە لە نزیک چێشتخانەیەک کە دیارە هاوڕیی خۆیەتی پێش شاری (دێوان دەرە) دەوەستێ، نانێکی خیرا دەخوین، زۆر سارده..

**ئەوە کەی گۆرانیە براکەم؟**

شۆفێرەکە بۆ ئەوەی خەوی لێ نەکەوێ، نەواری ئاهەنگێکی (حەمە جەزا) دەخاتە سەر، هەندێ جاریش باسی عەشقبازی خۆی دەکا، یەکێ





لە هاوڕێکانی حەمە جەزا، دەزانێ کە شۆفیرەکە حەمەجەزا ناناسێت، دەڵێ: ئەم دەنگە نالەبارە چییە، دەلێی دۆڵدرمەی خۆاردوە و قورگی گیراوە. حەمە جەزا کەمێ خەندە دەیگرێ و بە برادەرەکەی دەلێ کەی وەختی گاڵتەیە، بەلام وی، هەر بەردەوام دەبێ تاکو شوفێرکە گۆرانیەکە خامۆش دەکا.

لەبەر ئەوەی بەفرێکی زۆر دەبارێ، شۆفێرەکە ناوێرێ خێرا لێ بخوڕێ، جادە خزە... چەند گوند و شاروچکەیە دەبڕین، هەندێ ئۆتۆمبێل لەڕێ دەبینن کە پەکیان کەوتوە، بەڵام شۆفێرەکە لە ترسی ڕەقبوونەوە و هەندێ جاریش لە ترسی ڕەوە گورگ کە لە سەرمادا لە کێوەکانەوە دەهاتنە خوارێ، ناوەستێ.

نزیک کاتژمیر دوانزەی شەو، دەگەینە شاری سەقز. کە بۆ خۆی کوێستانە و شەختەیە. حەمە جەزا و برادەرەکانی لە ماڵە ناسیاوێکیان دادەبەزن، ئەوەی دەمێنێتەوە منم، نازانم کوێوە برۆم، بەڵگەکەم هی ئەوە نەبوو کە بچمە هۆتێل ،چونکە هیچ ناسنامەیەکی دیم پێ نەبوو. نەشم دەتوانی بچم بۆ ماڵی هاوڕییان لە ئۆردگای سەقز، لەویش پایەگایەکی لێی بوو. برۆشتمایە دەها پرسیارم لێ دەکرا. هەندێ جار بیرم دەکردەوە کە ئاخۆ ئەم حزبەی ئێمەش لە خەباتی ژێرە زەمینی ڕزگاری دەبێ بە ئاشکرا بتوانین بڵێین ئێمە کۆمۆنیستین!

شۆفێرەکە لێم دەپرسێ، لە کوێ دادبەزێنم، منیش وەڵام دەدەمەوە نازانم، شوێنم نیە! دەبوو بگەمە سەردەشت، بەڵام لە سنە دواکەوتم. پێم وایە مزگەوتەکانی خۆمانە، پێی دەلێم ئەگەر مزگەوتێک کراوەتەوە

ببمەرە وێندەرێ. لە دڵی خۆمدا دەڵێم جا خۆ دایکم هێندە نوێژی کردوە، کە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەمان مافی ئەوەیان هەیە ساڵێکیش بە خۆرایی لەماڵی خوا بمێننەوە. دواتر دەڵێم نا، چۆن کۆمۆنیست پەنا دەباتە ئەو شوێنانە! چارم ناچارە ئیدی دەچمە ژێر باری ڕاستی و دەڵێم پێشمەرگەم و دەمەوێ بەرەو قەندیل برۆمەوە، شەڕە دەبێ فریا بکەوم! بەڵی! دەبێ بگەمە ئەوانەی کە وەک من دەیانەوێ پێش مەرگی خۆیان کەون. مەرگێک کە وا ، دیارە بوەتە تاکە کایەی گەلێک کە ناوی کوردە، کە زۆرجار شایی و شانازی بۆ دەکرێ و ماشینی دروێنەی ئاواتی سەدەها گەنجە..

کە ناوی قەندیل دەهێنم شۆفێرەکە دەڵێ: بە قوربانی خۆت و قەندیل بم، تۆ ئەمشەو میوانی منی، دەتخەمە سەرچاو! زۆر سوپاسی دەکەم، بەڵام داوای لێدەکەم کە بمباتە هۆتێلێک کە پشتگیری کۆمیتەی پاسدارانی نەوێ، چونکە تەنها بەڵگەی ئۆردوگای شاری (جوانرۆ)م پێیە و بۆم نیە زۆر شوێنی پێ بکەم. لە ئۆردوگاکان دەبوو ئاوارەکان پشتیگیری ئیتلاعاتیان هەبوایە تاکو هاتوچۆ لە پارێزگایەکەوە بۆ ئەوی دی بکەن. بە هەر حاڵ، میوانداری شۆفێرکەم پەسەند کرد و زۆریشی پێ خۆش بوو.

کە شەو کەوتینە قسە، دەرکەوت کاتی خۆی پێشمەرگەی کۆمەڵە بووە و هێشتا چەند خزمێکی لە چیان، بە تایبەتی نزیک کێوی مامەندە و دەمێکە نەیانی بینیوە. زۆر قسەمان کرد، باسی کۆمۆنیزم و نەتەوایەتی، زۆر زیرەک بوو. دەیوت: هێشتا کۆمەڵگەی کوردی لەو ئاستی





هوشیاری و پێشکەوتنە ئابوریەدا نیە، کە بیروباوەری مارکسیەت پەسەند بکا، چەپەکانیش دوژمنیان زۆرە. لەبەر ئەوەی باشم نە دەناسی، نەمتوانی بڕوایی خۆمی تەواو بدەمێ، داوای کرد نامەیەکی بۆ بگەێنمە خزمەکانی، بەڵام بیانوی ئەوەم هێنایەوە کە بازگەی پاسدارەکان لە بانە و سەردەشت وزۆر توندن.

بەیانی لەگەڵ خوێدا گەیاندمیە تەرمینالی بانە و بگرە دەیویست کرێی ڕێگەکەشم بداتەوە. کاتژمێر حەوت بوو، دیسان کاروانێکی نوێم بە ناو بەفردا دەستپێکردوە، دەبوو هەرچۆنێکم کردبێ بگەمە (قاسمە ڕەش)* و لەوێشەوە بنکەی (نۆکان)ی حزب، سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی حزب لەوێ بوو.

نیوان شاری سەقز و بانە هێندە دوور نەبوو، سوپاش جادەکەیان باش پاکردبوەوە. سەرنشینێک تا وێندەرێ گۆرانی بۆ دەوتین و منیش جار جار نوکتە و قسەم بۆ دەکردن. کاتژمێر یانزە دەگەینە بانە و یەکسەر لەوێوە بە مینی بوس بەرەو سەردەشت جوڵە دەکەم. پێچەکانی جادەی نێوان بانە و سەردەشت پتر لە ٣٦ خولی بازنەیی دەبوون.

زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە ئاوەدانن. لەناو پاسەکدا کابرایەک باسی ڕەدوو* دەکات: ژنەکەم تائێستا چوار جار ڕەدوو کەوتوە، هەموو جاریکێش کە دێتەوە بۆ لام هەمان وانیەکی* جارانی هەیە (گڕو تینی) و دەڵێی تازە ئاشقی یەکتر دەبین، هێندە یەکترمان خۆش دەوێ. ڕوی پرسیارم تێ دەکا و دەپرسێ، ئەری کاکی عێراقی تا ئیستە کەس لەدوی تۆ ڕەدوو نەکەوتووە؟ منیش دەڵێم شایەت، بەڵام زۆر گوێم پێ نەداوە،

چونکە پێشمەرگەم. من وەلامێکی کورتم دایەوە، بەڵام ئەو وەک ئاخوندەکان درێژ دادڕ بوو دەیوسیت تا سەدەقەلاهۆ، لەگەڵی بدوێم. وازی نەدەهێنا. کاک ئەتو وەرە بۆ گوندەکەی ئێمە، جا بزانە چۆن کچێکی چاومەست بەدواتدا دێت و بەختت دەکرێتەوە. منیش بۆ ئەوەی لە کۆڵم بێتەوە، وتم: کێژێک لە قەندیل چاوەڕێم دەکا و دەبێ ئەم ئێوارەیە بگەمە لای. لەدڵی خۆشمدا، وتم وەی لەو درۆ گەورەیەی کە کردت. ئەگەر شوێنی خەوتنیشت هەبێ هەر باشە، کوڕە کچی چی؟ حزبی شیوعی هەموومانی وەک بارگیری قاچاخچیەکان خەساندووە!

**بازگەی سەردەشت و لێدانی مێر منداڵێک**

دوای نیوەڕی ئەو ڕۆژە تازە لە سەردەشت لە ناو پەیکانێکدا کەوتومەتە ڕێ، پەیکانێک کە خێزانێک و مێرمنداڵێکی تیایە بەرەو یەکێ لە گوندەکان دەڕۆنەوە، ڕۆژێکی ساردە و ساماڵە. دوای دەمێک دەگەینە بازگەکە، ریشپانێک، کە دیارە ماوەیەکی زۆرە ردێنێ نەتاشیوە و هێندە جگەرەی کێشاوە، وەک گەلای پایز، تاڵەکانی چەند ڕەنگێکی گرتووە، داوای بەڵگە دەکا! تەنها بە ناسنامەکان رازی نابێ و دەبێ دابەزین. ئێمە لە خوارەوە چاوەڕیی دەکەین، ئەویش نیو فەردە برنجی بەدەستەوەیە و هاوار دەکا، ئەمە هی چ سەگبابێکە؟ مێرمنداڵەکە دەڵێ هی منە، بەلام باوکم سەگ نەبوو، شەهیدە! پاسدارەکە شەهیدی چی؟ مێرمندالەکە بێ دەنگ دەبێ و هیچ ناڵێ! پاسدارەکە: بۆت نیە ئەم برنجە بەریت؟ لەوێ ئیوە میوانداری منافقەکان دەکەن، ئەوانە دوژمنانی جمهوری ئیسلامین!





نەخێر گەورەم، بۆ ماڵی خۆمانە و باجیم ڕای سپاردوم کە بیکڕم، ئەگەر نەیبەمەوە لێم دەدا!

پاسدارەکە: ئێوە بەڕۆژ درۆ دەکەن و بەشەویش دەمانکوژن، بڕۆ نیە!

برنجەکە دەبات و تکا و پارانەوەی ئێمەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ.

ئەو پاسدارە پێی وایە پاسەوانی مەزارگەی عەلیە، لە بڕیاری خۆی پەشیمان نابێتەوە، هێندە سەهەندەیە..

میرمندالەکە تا نزیک گوندەکەیان هەر دەگری، ئیدی پێش دابەزین رێکە دەکەوین کە پارەی برنجەکەی بۆ ببژێرین نەبا بکەوێتە بەر ڕەحمەتی باوەژنەکەی!

بۆ تاریک دەگەمە بارەگای نۆکان( لەبناری قەندیل) و لەوێ هاوڕێ هاوکار، پێم دەڵێ ئەرشیفی حزب زۆربەی سوتاوە و لەو ئەرشیفانەش کتێبەکەی باوکتە دەربارەی مێژووی هەورامان. دیرۆکێک کە باوکم لە گەلای باخەکانی هەورامان هەرزاڵەی بۆ بەستبوو..

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی
١-١١-١٩٨٩ نۆکان

---

* ڕەدوو کەوتن: دیاردەیەکی کۆنی کوردەواری بووە، ئەمڕۆش لە ناوچەی (پشدەر و شاری سەردەشت) باوە. کچان و ژنان دوای پیاوان دەکەون ولەگەڵیاندا دەژین. دواتریش هەندێکیان دەگەرێنەوە بۆ لای شوی یەکەمیان. هەر کچ و ژنێک ئەوە نەکا، دواتر بە ئاسانی ناتوانێ میردان بکا. تا ژمارەی ڕەدووەکان زۆر بن، ڕێزیان زیاتر دەبێ.

* نۆکان: گوندێکی سەر سنووری نێوان باشوور و خۆرهەڵاتە

چاخ: خرپن وبەخۆ. وشەیەکی هەورامی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ناوچەی مەریوان، بەکاری دەهێنن.

**سەیدی فقت هاونەتێن و بەس!***
**تا گوندی کەرەجاڵ ڕاومان نان!**

کات: بەهاری ١٩٨٤ یە  و هێرشێکی بچوکی تۆڵەیە
شوێن: هاوێنە هەواری ئەحمەد ئاوایە
مانشێتی شەڕ: تۆڵە  بە سەبرە ئەمما بە زەبرە

سەرەتای بەهار بێ ، یان کۆتایی، ئەو کێشەیەک نیە، گرنگ ئەوەیە لە نزیک هاوینە هەواری ئەحمەئاوا و پەنا تاڤگەی زەڵم بژیت، وەک وایە لە بەهەشتیت و میوە و بەختەوەری هەموو هی تۆیە و فریشتەکانی ئازادیش میوانتبن.
دێی ئەحمەئاوا دوای شەڕی براکوژی، دوا شوێنی ئازاد کراوی هێزەکانی بەرەی جود بوو*، بۆ ئەوەی خۆمان لە شەڕی یەکێتی بپارێزین و هیچ لایەنێک ئەو زیانەی پێ نەگا، حزب ئەو بریارەی دابوو کە تەنها بەرگری بکرێ، دواتریش هەمووی کەسوکاری یەکترین و ناسیاوین و نابی شەڕی بنەماڵەیی و ناوچەیی داگیرسێ. ئەوە بریارێکی ژیرانە بوو، هەر چەندە یەکێتی و پارتی زۆر جار پابەند نەبوون پێوەی. دەها ناو ناتورەی ناشیرینیان دژی یەکتر داهێنان دەکرد.
چەند شەوێ پێش ئەوە پێشمەرگەکانی یەکێتی دزە دەکەنە ئەحمەد ئاوا و تەقە لە مەفرەزیەکی پارتی دەکەن و خۆشبەختانە هیچ لایەک زیانیان پێ ناگات.  ئیدی ئاوا ووردە لێک بەرەکەوتنی چکۆلە هەبوو. هاوڕییانی ئێمە، ئەگەر مەفرەزەیان بکردایە بۆ هەڵەبجە دەبوو چەند سەعاتێک پتر ڕێبکەن، لێ یەکێتی لەوێش ڕۆڵی دیدەبانی بۆ سوپای عێراق دەبینی و نەبا وتوێژەکەیان لە گەڵ سەدامی دادەوەردا بژاکێ* دەبوو بۆسە بۆ هێزەکانی جود دابنێن..





دوا نیوەڕۆیەکی فێنکە، شەماڵی بناری ئەو کێوانەی هەورامان، کزەیەکی نەرم، نەرمتر لە پەڕەی گوڵی قەتاپاڵەکان، دێت و دەروا، هێمن و بێدەنگییەکی نامۆ لە  ناو دێ دروست دەکا. نیوەڕوان دوای نانخواردن، ناو ئاوایی چوڵ دەبوو، تاک و تەرا پێشمەرگە لە چایخانەکان دەمان. لە ئاوایی ڕۆستەم بەگ، زۆر جار هێزەکانی یەکێتی بازگەیان دادەنا تاکو ڕێگە لەو خێزانانە بگرن و لێپرسینەوە یان لەگەڵدا بکەن، کە سەردانی کورەکانیان دەکەن لە ئەحمەدئاوا و کەرەچاڵ...جارێکیان ژنێک مەنجەڵیک یاپراخی پێ دەبێ، بەرپرسێکی یەکێتی دەیکاتەوە و چی گوشتە لێی دەردێنێ، بە بیانوی ئەوەی ، گوایە هێزەکانی جود گۆشتی قەرارگای ئیرانیان بۆ دێ..

جوڵەکان جیاواز بوون، دکتۆر نەجمەدین* بە  پرتاو دێت هاوار دەکا یەکێتی لە باخەکانی خوارەوە دەیەوێ دزە بکات و هێزێکی تریشیان لەمەلا و ئەولاوە بە ئۆتۆمبێل و پڕ لە پێشمەرگە، هەوڵی ئەو دەدا کە خۆی بکا بە ئاواییدا. چەند هاوڕییەک لە چایخانەکەی خوار ئاوایی دەبن، ئەوان، لێیان دێنە دەست و و شەڕ دەست پێ دەکا. شەڕ گەرم دەبێ. یەکێتیەکان ناتوانن ئەو هەلە بقۆزنەوە کە بێنە ناو ماڵەکانەوە..
شەڕ بەردەوامە و هەندێ پێشمەرگەی شیوعی و پارتی تاکو ئاوایی ڕۆستەم بەدوا یەکێتیەکان دەڕۆن، یەکێتیەکان دەکشێنەوە و مۆڵگەکانی حکومەت لە بەرزاییەکانەوە، دەکەونە تەقە لە ئێمە. یەکێتیەکان چەند جارێ هەوڵ دەدەن بێنە پێشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی  شارەزا نین و ئێمەش باش دامەزراوین، ئەوان دەشکێن..هەندێ پێشمەرگەشیان بروایان بەو شەڕە نابێ..بۆیە زۆر چالاک نابن. خۆشبەختانە هیچ لایەک زیانی پێ ناگات..

لە بێسیمەکانەوە گوێمان لێیە، هێزەکەی یەکێتی لە پەیوەندی بە مۆلگەکانی حکومەتەوە داوای ئەوە دەکەن کە هێزەکانی ئیمە خەستتر بۆردومان بکەن، یەکێکیان هاوار دەکا: سەید هاوەنتین فەقت، هاوەنتین و کلش کلش تەلقات هوایە!* واتە گەورەم دوو هاونێکی دی بتەقێنە چونکە ئەوان فیشەکی زۆرمان پیوە دەنێن!

شەڕەکە درێژەی نەکێشا و ئیوارەی ئەو رۆژە ئیزگەکەی یەکێتی بەدەنگی فەرهاد سەنگاوی: تۆڵە بەسەبرە ئەما بەزبرە، بەرەی جوتمان* تاکو گوندی کەڕەچاڵ راونا، واتان لێدەکەین ئەی تاقمە خۆفرۆشەکان،، ! دواتر لە خودی چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتییەوە بیستمان، کە سەرکردایەتی خۆیان درۆیان لەگەڵ کردون و ئەوان لەلایەک داوای ئاشتی دەکەن و لەلایەک شەرمان پێ دەکەن..
ئیزگەی پارتییش هاواردەکا: **هۆماشە ماشە دیسان جەلال جاشە!**
**شەست و شەشبێ یان هەشتاو سێ، جاش هەر جاشە و گەل دەیناسێ!**

بۆ منی تازە پێشمەرگە و سادە.. دوای شەڕ.. بەماوەیەک، کۆمەڵێ پرسیارم لا دروست دەبێ، کە بەرپرسەکانی شەڕی ناوخۆ وەڵامێکی ئەوتۆیان پێ نیە کە بۆچی دژی یەکتر دەجەنگین؟ ئەوە نەبێ، کە هێزی بەرامبەر بە جاشەکانی شەست و شەش پێناسە دەکرێن و دەها ناتۆرەی ناشیرین و نارەوا، ئەی خۆمان چین؟ لە خۆم دەپرسم: دەها گەنجی وەک من، دژی حکومەت رێگەی شاخیان گرتوەتە بەر، شاخێک کە دۆڵ و پانتاییەکانی دابەش بوون بەسەر چەند هێز و عەشرەت و لایەنێکدا.. کە هەندێ جار وەک گوندی ئەحمەد ئەوا، تەنها چەند سەعاتێ بەدەستمانەوەیە،،، ئەمە سەرەتاکەی بێ، ئەی کۆتاییەکی چۆنە؟ ئەوە یەکەم ئەزمونی تاڵی پارتیزانیمە،، ئەزمونێک بەشەڕی کورد- کورد





دەست پێ بکا.. هی تەنها من نا.. دەها دی..دەها پرسیاری بێ وەڵام. پرسێکی سەرەکی ئەندێشەکانم دەهەژێنێ، کە ئایا ناوەڕۆکی کاری سەرەکی هێزە کوردەیەکان بەگژدانی خەڵکە؟

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی
بەهاری ١٩٨٤ ئەحمەد ئاوا. بناری هەورامان

---

- بەرەی جود: لە پارتی، شیوعی، حسک و پاسۆک و چەند هێزێکی دی بێجگە یەکێتی پیکهاتبوو، یەکێتی بە تەشەرەوە دەیوت جوت، واتە تەنها بۆ جوتکردن باشە،،
- صدام حكم و ليس الخصم: ئەوە قسەی مام جەلال بوو لە کاتی وتوویژی ١٩٨٤، واتە سەددام دادوەرە نەک دوژمن

## دیاردەی هێنانی پاسدار
## و کوژرانی کاروانیچیەک

بنکەکانمان لە مۆڵگەکانی حکومەتەوە لە کەرەچاڵ* تەنها چەند کیلۆمەترێک دوورن. لوتەکەکانی خوارمان، لەوانە بابا زەردەڵە*، کە لە پشت گوندی ئەحمەد ئاواوەیە، لەلای خۆر ئاواییشەوە، قوتەیەکی دی کە ناوی ملە قۆندەرەیە ، کە لەراستیدا وەک پاژنەی کەوش وایە و لە ژێرەوەیدا ئەشکەوتێکی قایمی تیایە، کە تۆپخانەکانی ئێران چەند بیکوتن ئەو کاریگەرییەیان نیە. ئەو زنجیرە مۆلگانە کاتی خۆی، دوای ئاشبەتال تیمێکی تایبەتی سەربازی روسی نەخشەیان بۆ دەکێشن کە هەر یەکەیان ئەوی دی بپارێزێ..

ئەحمەئاوا، کە ڕێگەی بەستنەوەی هاتوچۆی سیخورانی نێوان ئێران و عێراقە، لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەی بازرگانی و بژێوی خەڵکی ناوچەکە و گوندی ئەحمەد ئاوایە.  درێژایی ڕێگاکە لە ناو گوندەکەوە تاسەر ملەی ملەوەر(ملەخۆرد) چەند کاتژمێرێک دەخایەنێ ا. مۆڵگەکانی حکومەت زۆربەی ڕۆژەکان بۆردمانی ئەو ریگەیە دەکەن. ئەگەر ڕاپۆرتێکیان بۆ بهاتایە کە سوپاسی پاسدارن یان سیخورێکی ئێران دابەزیوە، ئیدی ئەو رۆژە  دەبێتە حەشری بارانی تۆپان. ریگەکە بەڕۆژ لە هەندێ شوێندا دەبڕێ، تەنها کاتی شەو دەکرێ هاتوچو بکرێ، جار جار بۆ گاڵتە هەندێ پێشمەرگە ئەو مۆڵگانەیان دەئالۆسکاند و لێیان دەدان. هەندێ جاریش ریکەوتن لە نێوان هەردوو لا هەبوو، کە هیچ لایەک تەقە نەکا.



یاداشتەکانی خامەی  پێشمەرگەیەک ..........................................................................ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٥

لە ساڵێ ١٩٨٤ وە، زۆر جار بە نهێنی و هەندێ جار بە ئاشکرا ،سوپای پاسدارانی ئێران، بە هاوڕایی و چاوساغی پارتی دەهاتنە خوارێ بۆ وێنە گرتنی ناوچە سوپاییەکانی حکومەت، خۆ هەر کە ئەو هەواڵە دەگەیشتەوە دەزگای سیخوری ئاسایشی حکومەت، ئیدی بۆردومانێکی خەستی ئەو ناوە دەکرا، هەندێ جاریش ناو ئاوایی وەک بەرەی شەڕی لێ دەهات..

هاوینی (١٩٨٥) ە، مەفرەزەیەکی پاسدار، بە جلی کوردییەوە،  لە(بنی پەڵک)ن* خۆیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتیدا تێکەڵ کردوە، بەڵام بە ئاسانی دەناسرێنەوە، مۆڵگەکەی حکومەت لە سەر بەرزایی گوندەکەوە، کە بابا زەردەڵەی پی دەڵین، بە قەناسە تەقە دەکا، هاتوچۆیان لەسەر جادە قیرەکە بریوە،،، ناو باخەکان تاقە ڕێگەیە، لەوێش پەنجا مەتری سەرو هۆتێل و چێشتخانەکەی جاران مەترسییە. سەربازەکان بە چاو دەبینرێن.

**حەفتەیەک دواتر**

دیسان رۆژێکی  دی هەمان شانۆیە، تا پاش نێوەڕۆ هەروا تەقە و تۆپبارانی ریگەکانی سەر شاخ و کەرەچاڵ دەکرێ..لای ئێوارەوە  کەمتر دەبێتەوە، کاروانچی زۆر لە باخەکانی سەرو تاڤگەکەی زەڵمەوە گیریان خواردوە،،چاوەڕیی ئەوە دەکەن کە دۆخەکە هێور بێتەوە و بکەونە رێ..

بە رێکەوت لەبنکەی بە تالیۆنی حەوت لای برادەێکم،  ئەو بنکەیە ئەشکەوتێکی قوڵی تیایە، هەورامیەکان پێی دەڵێن مەڕە قوڵ، واتە

ئەشکەوتی قوڵ، چەند مەترێک بۆ ناوەو قوڵە، خەویشی زۆر قورس بوو. چەند کاروانچییەک دەکەونە ڕێ، بەبێ ئەوەی مۆڵگەکانی حکومەت تۆپبارانیان بکەن، یەکێک لە کاروانچییەکان، زۆر خێرا تێ دەپەڕێ، شوێنەکە سارایە، هێندەی خۆش دەبێ کە تەواو دەکەوێتە بەر چاوی مۆڵگەی سەر بەرزاییەکانی ئەحمەد ئاوا، چەند تۆپێک دەباریێ، بەڵام ئەو کاروانچییەی کە خێرا لە ئێسترەکەی دەخوڕێ، بە هەر شێوەیەک بێ دەیەوێ بگاتە پێچەکەی بەر بارەگای مەڵبەند، کە تۆپ بە ئاسانی نایگرێتەوە و دیار نیە، هەندێ جار مۆڵگەکان دەنگیان نەدەکرد تاکو ئەوەی لەسەر ڕێگاکە بێ، نەتوانێ بگەڕێتەوە، ئەوسا دەکەوتنە بۆردومان..

ئەو کاروانچییە بەخت یاوەری نابێت و تۆپێک لە پێشیدا دەتەقێتەوە، خۆی و ئێسترەکەی یەکسەر دەکەون. چەند پشمەرگەیەک خێرا دەیگەیێننە نەخۆشخانەکەی مەڵبەند و بەلام بەداخەوە پارچەیک بەر سەری کەوتووە، دوای چەند چرکەیەک گیانی لە دەستدا. ئەو کەسە خەڵکی ئەحمەد ئاوایە ، ناوی (حەمە سەدیق)ە، ، زۆرجار ئیستری پێشمەرگەی ناڵبەند دەکرد،، کەسێکی ووریا و شارەزابوو..

هاوڕییان بە مردنی حەمە سدیق زۆریان پێ ناخۆش، بوو..ئەوە دوا قوربانی نابێ لەسەر ئەو ڕێگەیە چەندەها پێشمەرگە و خەڵکی سیڤیل بوونە قوربانیی. هەر لە ماوەیەدا پێشمەرگەیەکی پارتی بەناوی (ئەکرەم بیارەیی)*، بە قەناسەی مۆڵگەکەی پشت ئەحمەدا ئاوا شەهید بوو.





شایەنی باسە هەندێ جار یاسای سەربازی پشتگوێ دەخرا، و گاڵتەش دەکرا بەو پێشمەرگانەی کە پابەن بوون.

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی هاوینی ١٩٨٥
کەرەچاڵ، پشت تاڤگەی زەلم. هەورامان .

- بنی پەڵک : لەدەمەی دەربەندەی ئەحمەد ئاوایە..کاتی خۆی ئاشێکی تیا دەبێ..
- حەمە سدیق: هاونیشتمانییەکی گوندی زەڵم بوو، بەلام ١٩٧٨ گوندەکەیان بەر ڕاگواستن دەکەوێ و دواتر لە ئەحمەدئاوا نیشتەجێ دەبێ وەک زۆربەی گەنجەکانی ناوچە بێ کار دەبێ و تەنها کاسپی کاری کاروانچی دەبێ لە سەر سنوور، کە کارێکی پڕ مەترسیدارە..
- ئەکرەم بیارەیی: پێشمەرگەی پارتی بوو. لە هاوینی ١٩٨٤ لە پێچەکەی کونە چەقەڵ، لە ئەحمەد ئاوا، بەر فیشەکەی قەناسە کەوت.

**ئەحمەد بانیخێڵانی : –**
**لایەکی بنکەکە دەیەوێ  ببێتە زاوام**

بەشی ١٢

شوێن:  چەمەک و سپیار/شارباژێر
کات:  زستانی ١٩٨٥ یە

ئەو لایەنە کوردستانییەی کە توانی ژن بۆ  بزوتنەوە چەکداریەکەی سازمان بکا و چالاک بێ، کۆمەڵەی ئیران بوو، کە دواتر ناوی بۆ حزبی کۆمۆنیستی ئێران گۆڕا. زۆرجار ئەو ژنانە دەبوونە جێگەی گاڵتەجاری حزبی دیموکرانی کوردستان و دەیانوت هەندێ لەو کچانە کە دەبنە پێشمەرگە کۆمەڵە، دڵداری هانیان دەدا، پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان تا سەر جادەی قیر بڕ ناکات  و پەژیوان دەبنەوە. یان هەندێ لەو کچانە لە مەڕدۆشین خۆیان دەدزنەوە و لە مێردەکانیان خۆیان قوتار دەکەن و ڕەدەو دەکەون..

حزبی شیوعی عێراقیش یەکێکی دی لەو حزبانە بوو، کە ئەویش ئەو داهێنانەی تاقیکردەو و سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، یەک، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کورد و بزوتنەوەکەی پیاوسالار بوو، دووش دوای تاوانی پشتئاشان، زۆربەی کچە پێشمەرگەکان کە عەرەب بوون، ئەو بروایەیان بەو پرۆسەیە لەق بوو و وازیان هێنا، بە تایبەتی دوای کوشتنی چەندێکیان بەدەست هێزەکانی یەکێتی. تاک و تەرا لە بنکەکان، چەندێک





لەو کچە پێشمەرگانە مابوون، بەڵام زۆربەیان مێردیان کردبوو.  ئیدی ئەو کچەش کە هێشتا مۆمی تەنیایی نە کوژاندبووە، دەبوو جێگەی سەرنجی دەها پێشمەرگە. لەو شاخە، لای زۆربەی کورە پێشمەرگەکان ئەوە  گرنگ بوو،  کە تەنها شتێک قژی بەسەرەوەبێ و ناوی ژن بێ، ئیدی  ئەو کەڵەبابانە دوودڵیان نە دەکرد کە بەختی خۆیان لە خوازبێنی تاقی بکەنەوە. هەندێکیشیان دریغیان لە ماستاوکردن نەدەکرد، بۆ نموونە دارهێنان و چای لێنان بۆ ئەو بەرپرسەی کە کچەکەی لەوێ بوو ..هتد. هەندێ پێشمەرگەش هەبوو هێندە فشاری سێکسیان بۆ دەهات، کە چاویان بخەنە سەر هێسترەکان و خۆیان بە تاڵ بکەنەوە. جارێکیان لەیەکی لە بنەکەکان برادەرێک بە سەر ئێستریکەوە ئاشکرا دەبێ، کە لێی دەپرسن بۆ وات کردوە؟ لەوەڵامدا دەڵێ: ئاردی حزبی خواردوە و بە پێی پەیرە و پرۆگرامی حزب، دەبێ  ئەو ئێسترە، سزا بدرێ، منیش ئەو سزایەم بە گونجاوترین سز زانی.

بەداخەوە ئەو کچانەش کە هاوسەر گیرییان رەتدەکردەوە، زۆر جار دەبوونە جێگەی تیر و تانەی هەندێ پێشمەرگە و  ناتورەیان بۆ دروست دەکردن. من فلان ناهێنم، ناشیرینە، نامەوێ لەگەڵ وێ فلیمی ژیانی خۆم بسوتێنم! هەندێ پێشمەرگەش هاوسەرگیریان بە ناچاری دەکرد و تا حزب دەیگەیاندنە دەرەوە. دواتر  مانگێکی نەدەبرد،  وازیان لێ دەهێنان..

ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٨٥ تەمەنیان هێندەی نەماوە، زۆربەی بە دەنگی ئەلاهوئەکبەر، یان دەنگی بۆمب و هێرش کۆتاییان دێت. بنکەکەی ئێمە

بەرامبەر لوتکەی لەرێیە* دۆڵێکە پێی دەلێن دەراو، تەنها چەند کاتژمێرێک لە گوندی چەمپاراوی رۆژهەلاتی کوردستان دوورە.  ئەو زستانە لەوێ، شۆرشی چەوساوەکانمان بە چەوسانەوەی خۆمان و  بە دروستکردنی دوو هۆدە و هەیوان تەواو دەکەین، حەمامێکی کەرەجانەی* باشیش قوت دەکەینەوە.. شوێنێکی خۆش. جار جاری لە چەمی سپیداریش ماسی باش دەگرین. لەوبەریشەوە لە لەکەلاوەی گوندی سپیدار* هاوڕییانی مەلْبەندی سلیمانی و کەرکوک ،گوندێک دروست دەکەن، کە زۆرجار دەبێتە سەرنجی سوپای پاسدارن و رێبواری دی..

**بریاری وازهێنانی فازڵ گوڵانی**

روداوێک لەوێ کە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشابێ، وازهێنانی هاوڕێ فازل گوڵانی (عەبدولای شاعیر) بوو. هاوڕێ فازل گولانی لای ئێمە، کە چاوی کز بوو،  بریار دەدا وازبێنێ، دەمەو  نێوەرۆیەک حزب وازهێنانەکەی پەسەند دەکا، پێش چێشتی نیوەرۆ دەبێ بنکە بەجێبهێڵێ و ئیدی فازل هیچ پیوەندییەکی نامێنیی و لە هەموو یارمەتی و مافێک قت دەکرێ، هاورێ کەریمی حاجی بریارەکەی حزب دەخوێنتەوە. نیوسەعاتی ماوە، بۆ تێکردنی نان. فازل خەریکی کۆکردنەوەی خۆیەتی کە بەرەو کەسنەزانی چارەنووسی بکەوێتە کاروان. شوێنەکەمان لە نیوان بەرداشی دوو سوپای گەورەیە، تەنها تولە رێگەکەی چەمپاراو هەیە و پێش ئەوەش گوندی قوسامەینە کە بنکەی حسکی تیایە. ئەوەش پتر لە چوار کاتژمێر ڕێگەی پیادەیە، بریارە من و برادەرێک بچین بۆ





وێندەرێ بۆ هەندێ شت و مەک. نان تێکراوە، دوو دوو پێشمەرگە دەیانەوێ چێشتی نیوەرۆ بخۆن. من دەڵێم هاوڕی فازل فەرموو با من تۆ بۆ دواجار پێکەوە نان بخوێن! هاوڕێیەکی  بەرپرس و دوو هاوڕیی دی، هاوڕی ئارام بۆی نیە یەک پاروش بخوا، ئەوە وەک هاوڕێ نەماوە، وازی هێناوە! کە گوێم لەو وشانە بوو،  چاوم چوە پشت تەوقە سەرم، ئێوە شەرم ناکەن! ئێمە خواردن بە رێبوار دەدەین.

هاورێ فازل تەواو دڵی پڕ و تورە دەبێ، من و چەند هاوڕییەکی دی ئەوەندی دی. فازل یەکسەر دەکەوێتە ڕێ بە تەنیا، دوای کەمێکی دی، من و ئەو برادەرش دەکەوینە ڕی بۆ هەمان رێگە . لە هەمووی ناخۆشتر چوونی هاورێ فازل بەبێ چەک گەلی مەترسیدار بوو، ئاوەدانیش  نەبوو تا لا بدات، زۆر نیگەران دەبین..

فازل زۆر دور نەکەتبووەوە. باش بوو ئێمە فریای کەوتین، لە ڕێگەی نێوان دۆڵەکەی سێیدارو تا قوسامینە، بە ئاستەم هاورێ فازل قسەی لەگەڵمان دەکرد. پێش ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکەین لە بنکەی حسک لەو گوندە وتی: هەر باش بوو ئەم حزبەی ئێمە دەسەلاتی نەگرتوەتە دەست، ئەگینا لایەکی عێراقی لەبرساندا دەکوشت، وتم چۆن؟ وتی: لە پەسەندکردنی بریاری وازهینانەکەمدا سەرانی مەڵبەندی حزبی شیوعی وایان نووسی : فازل لە بارێکی دژواردا هاورێکانی بەجێ هێشتووە ورەی بەر داوە، دەبی بەبێ دواکەوتن لە بنکە دوور بخرێتەوە. من چاوەڕی ئەوەم دەکرد کە کولێرەیەکم نەدەنێ، چونکە هاورێییەکی خەڵکی بەسراش کە لە بەتالیۆنی نۆ وازی هێنابوو،  فەرماندەکان هەمان

ئیوارەیە لەبنکە دەریانپەراند بوو، بە هەزار دەردە سەری بەو شەوە گەیشتبووە بنکەیەکی پارتی..

ئەوەی (فازل)م زۆر پێ ناخۆش بوو، کێشەی تریش رویدا بوو، ئیدی سەرکردایەتی مەڵبەند، ئێوارەیەک هەموومان کۆدەکاتەوە، گوایە ئەبو سەرباز و ئەبو لینا کەمێ باسی دۆخی گشتی دەکەن. باسەکە دێتە سەر مەسەلی وازهێنان، لەوی دیسان باسی شەمەندەفەر و خەبات دێتە ئاراوە و ئەبو سەرباز( ئەحمەد بانیخێلانی) بە راشکاوی دەڵێ: ئەوەی تاقەتی نیە، دەتوانی وازبێنێ و بچێت لە ئۆردوگایەکی ئیران دابنیشێ. ئەوە بووە جێگەی پرسیار و گازندەی هاوڕێیان..

پێش ئەوەی کۆبونەوەکە تەواو بێ، ئەحمە بانیخێلانی دەیەوێ بابەتێکی کۆمەڵایەتی گرنگ باس بکا. لە دڵی خۆمدا وتم مەلابووە و لەوەشدا شارەزاییی هەیە، بابزانین ئەمجار کێ مارە دەکا، خۆ هێشتا مەلایە و وەزارەتی ئەوقاف دەری نەکردوە، دەشتوانێ نوشتەش بۆ سەرکەوتنی چینی کرێکار بکا..

ئەبو سەرباز کەوتە قسە: بەڵی کێشەی کۆمەڵایەتیمان هەیە و دەبێ سنورێکی بۆ دابنێین، دەزانن چیە؟ زرۆمان وتمان نا! سەریکی لەقاند و درێژەی بە قسەکانی دا: ئەم بنکەیە پتر لە ٦٠ پێشمەرگەی تیا، ئەگەر درۆم نەکردبێ، نیوەتان زیاتر هاتونە داوای کچەکەم ، کەتەنها بۆ چەند رۆژیکە لێرەیە، ئەی لە جێگەی ڤێتنامیەکان بوونایە چیتان دەکرد، جا خۆ پێش تەواو بوونی شۆڕش هەر یەکە بە عەشرەتێکەوە دەگەرایەوە بۆ شار، شەرم بکەن!





تاماوەیەک ئەوە نوکتەی گەرم بوو. شایەنی باسە هاوڕی ئەحمەد پێچ و پەنای بە قسە نەدەدا، یەکسەر ئەوەی دەوت کە مەبەستیەتی..

ئەو رۆژە من دڵم بە دوو شت خۆش بوو، یەکەم ئەڤین نەی سوتانم، تا منیش بچمە خوازبێنی و ئەبو سەرباز لە خۆم تورەبکە، دووەمیش، نەهاوسەرم هەبوو نە منداڵ، تاکو، وەک سەرکردەیەکی عەشرەتی جاهلیەت، بەناوی کورەکەمەوە یان باوکمە بانگ بکرێم. باوکیشم کە ماوەیەک لەوێ بوو، ئەویش ئەو ناوەی پێ نەبرا، ئەگینا هەبوو کورد بوو، بەلام بە ناوی ئەبو تارای زیوینەوە بانگ دەکرا و دەتوت کوڕی بنی عەروبە..

ئاسۆبیارەیی/ئارام هەورامی
**کۆتایی زستانی ١٩٨٥ سپیدار/شارباژێر**

---

- لەرێ: گوندێکی شارباژێرە
- سپیدار: گوندێکی شارباژێرە
- فازل گولانی: شاعیرێکی خەڵکی کەرکوک
- شەمەندەفەر: هەندێ هاوڕیی سەرکردە فێر بووبوون هەر دەیانەوت خەبات وەک ڤارگۆنی شەمەندەفەر وایە تاسەر کەس ناتوانی سواربێ. هەندێ دادەبەزن هەندێ سەردەکەون..

## شەڕەکەی گوندی تەپە کەڵ

پایزە و بارانی پەڵە نەرمە بارانی ئەسرینی خۆی بەسەر وشکانیدا دەبارێنێ، ئەو مانگە، لە دوو مانگی دوای گوڵان دەچێ ، بۆنێکی خۆش دێت، هەستێکی تایبەت، کە ئیدی سروش بەرگی زیوین دەبەخشێ. بریارە هەواری شەڕمان، بە چادر و پێشمەرگەوە بۆ ئەوبەر بگوێزینەوە. ئەوبەرێ کە ناوی قەرەداغە و زۆر جێگەی باسە، خوازیارم فرۆکەیەک هەڵمگرێ و لەوێ فڕێم دادتە خوارێ. ماشینی گواستنەوەمان، چەند ئیسترێک نەبێ، ئیدی دەبێ زۆربەی بارەکان بە شانی پێشمەرگە بگەیێنینە گوندەکانی شارەزوور، کە لە ئامێزی هەورامانن. لە وێوە نۆرەی تراکتۆر دێت.
بە گوندەکانی شەشک، تەپی سەفا، تەپە تۆڵەکە، قاجر، ناوگردان و سویلەمێش تا دەگەینە تەپەکەل و لەوێشەوە لە ئەنگوستەی شەودا، بە نیازین بەتراکتۆر بکەینە ئەوبەر، بناری شارەزووری قەرەداغ. کە هەندێ پێشمەرگە ناویان نابوو بناری ساوەر و هێلەکە بە ئارد*..

هاوڕییەکمان هەبوو ناوی قەمر بوو(ئازادە چاوشین)، کە خواردنی ماڵەکان باش بوایە، لە خۆشیدا دەیوت: شۆرش ئەوەندەی نەماوە سەرکەوێ، تەنها بەغدا ماوە خۆی بدا بە دەستەوە. کە ساوەر و هێلکە بە ئاردیش بوایە، ناوچەوانی دەدا بەیەکدا و دەیوت: لەم رۆژانەدا بریارە ئاش بەتاڵ بکەین.

باران چەند رۆژێکە پشوی نەداوە، ئێمە لە نێوان گوندەکانی (تەپەکەل و ئالان، حاسڵ، کانی بەردینە، دەق و قەڵبەز)داین، جاری وا هەیە کە ڕێ دەکەین، تا کیلۆمەترێک دەبرین، هەموو ئازامان دەبێتە قور و کاتێکی



یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ..............................................................................ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٥

هێجگار زیاتر دەخاێنێ. لە(کانی کەوەی چوخ)ین و دەمانەوەی، بە تراکتۆر چی پەڕو پیتاڵمانە بیکەینە ئەوبەری قەرەداغ، جادەی زەرایەن - دەربەندیخان ببڕین.
هێشتا زۆربەی ئەو گوندانە ماون. هاوڕێ قەمەر و هەورامان لەسەر چاوساغی دەبێتە دەمەقالەیان. هەردووکیان چاوساغێکی کارا بوون، دواتر داوا لە چەند خاوەن تراکتۆرێک دەکەین، کە بە پارەش بێ، هاوکاریمان بکەن، تەنها تا ئەوبەر، بەڵام کەسیان رازی نابن. هاوڕێ هەورامان لەدەرگای ماڵێک دەدا، کاکە بەڵکو بە تراکتۆرێ تا ئەوبەر کارئاسانیمان بۆ بکەن هیلاکین! ژنێک لە باتی پیاوەکەی وەڵام دەداتەوە: کلاجی تراکتۆرەکەما خراپ بووە، کە هەورامان لێی دەپرسێ کامەیە کلاج؟ ژنەکە دەست بۆ سوکانەکە دەبا! ئیدی ناچار دەڵێین: یا خۆتان یان تراکتۆرەکان! خاوەن تراکتۆرەکە کلیلەکانمان بۆ فرێدەدا، ها ئەوە خۆتان و شۆڕشتان! ئیدی خۆمان لێ دەخورین. قەمەر* دەڵێ بەگوێم بکەن من شارەزام، کەسی بە گوێی ناکا، ئەویش دەڵێ جادەکەی پانە. تا رادەیەک ڕاست دەکا، تا پێش ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتی، زۆربەی مەفرەزەکان پێشمەرگەی سادە دەیکردن، ئێستە بەرپرسی موزەلی لەشانی شۆڕش وەک هەنگی کورەی هەنگ ژاوەیان دێ..

## نزیک جادەی زەرایەن و تەقەکان

بە تراکتۆرەوە دەمانەوێ لە جادەی زەرایەن-دەربەندیخان بپەرینەوە، بە پشتی کانی کەوەی چوخەوە، بەرەو جادە دەکەوینە رێ، مانگەشەوە، گڵۆپەکانی بازگەکەی (یەخشیمان) لێ دەردەکەوێ، هاوڕێ قەمەر دەڵێ: ئەو رێگەیە هەڵەیە، کەس بە گوێی ناکات. هەر ئەوەندەی خۆشە نزیک جادەکە دەکەوینەوە، ئیدی بە هەموو چەکێک تەقەمان لێ دەکرێ و بلاوەمان پێ دەکرێ. ئەو دوو هاوڕییەی کە تراکتۆرە لێ دەخورن

هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە، بەڵام ئاسان نابێ، بارانی گوللە لەهەموو لاوە بەسەرمان دەبارێ و توانای وەلامدانەوەمان لەبەر چەک و تەقەمەنی ناو تراکتۆرەکە نابێ. هاوڕییەکی زیتڵە بە ناوی (ماجد)ەوە کە ساڵێک نابێ پێشمەرگە بێ، گوێ بە تەقەکان نادات و بەرەو دواوە دەکشێتەوە. هەندێکمان هەوڵدەدەین کە شیوەکە بگرین و خۆمان ئامادەی شەڕی بکەین. لەو کاتەدا هاوڕێ قەمەر، من ئامادەنیم جلەکانم قوراوی بکەم*..ئەو هاوڕییە زۆر پاک و تەمیز بوو، بە پێوەیە و دانانیشێ..

ئەو شەوە ناکەینە ئەوبەرەوە، هاوڕیانی ڕێکخستن لە گوندی (کانی کەوەی چوخ) دەگەنە فریامان و تراکتۆرەکەش، دوای ئەوەی شتەکانی لێ دادەگرین، بەواندا دەیانگێڕینەوە بۆ خاوەنەکەی. ئەوە شکستییەکی گەورە دەبێ بۆمان کە بۆچی حسک لە هەورامانەوە بە تراکتۆر چەک و تەقەمەنییەکی زۆر دەتوانێ بکاتە ئەوبەر!

بۆ بەیانی دەگەڕێنەوە بۆ گوندی تەپەکەل*، کە تاڕادەیەک لە جادەوە دوورە و شوێنی شەڕی هەیە ئەگەر تووش هاتین. گوندەکە تاق و تەرا پێشمەرگەی حسکی* تیایە. ئێمە بێ ئاگاین لەوەی کە لە گوندەکانی دی پاسداریان لەگەڵ دایە. پاش نیوەڕۆ هیزێکی سوپا و جاش لە (گوندی سوێلەمێش) دەبینرێت و گردەکەیان گرتووە، ئەو چەند پێشمەرگە حسکە هانی ئێمە دەدەن کە پەلاماریان بدەین، خۆشیان تەنها چەند دانەیەکن. ئاوی تانجەرۆش هەستاوە، بواریش ئاسان نیە و زۆربەشمان مەلە نازانین. ئێمە خۆمان کۆدەکەینەوە و لە سەنگەری چاوەڕوانیداین. هاوڕێیان ، هیوا و سیڤەر و ئاوات کە مەلە دەزانن، دەڵێن ئێمە دەچین لێیان دەدەین، لەو مقومقویەدا، تەقە دەست پێ دەکات. گرمەی عەفارۆفیان* تێ دەکەین، بە برنەو و چەکی ئێم یەک و ناتۆ، تێیان





دەکەوین، ماوەی ئێمە و سەربازەکان دوورە و تەقە بەردەوامە. مامەیەکی خەڵکی (تەپەکەل) لەپەنا دیوارێکەوە برنەوێکی پێیە. پێی دەڵێین: مامە برۆ بەلای منداڵەکانتەوە! وەلام دەداتەوە، نەخیر ناچم،! من لە حەفتاو ئەم برنەوەم کریوە و هێشتا تاقیم نەکردوەتەوە، وازم لێبێنن! من دەزانم تەپەکەل بەم نزیکانە بار دەکرێ، با بەدڵی خۆم تەقە لەو سەگبابە بکەم.

لەو ناوەندەدا، حسکەکان، ئەرەوەالا سوپا و جاشەکان، ئەو چەک و تەقەمەنیەیان دۆزییەوە کە شاردبومانەوە، کە لە ئیرانەوە هێنابوومان، ئیدی حسکەکانی ئاشکرابوون کە بۆچی ویستیان هێریش بکەن. هێریشیان کرد، هەندێ هاوڕیی ئیمەش لەگەڵیان. کە سەرباز و جاشەکان زانییان پێشمەرگە پەلاماریان دەدا، کەوتنە کشانەوە، ئێمەش گردەکەی سویلەمێشمان پێ چۆڵ کردن..

کاتژمێر چوارە و تازە بانگی عەسر بە ئاسمانی دێدا، لەگەڵ لێزمەی باران دەبارێ، دەمانەوێ بۆ خواردن دابەش بین بە ماڵەکاندا، لە مزگەوتی گوندەکە، گوێمان لێێ بوو، یەکێ لە نوێژکەرەکان بە ناوی حاجی ئەکبەر، دەیوت: خوایا لەم کافرانە لامان دەیت! هاوڕییەک لێپرسی: حاجی! بۆ وا دەڵێی؟ حاجی ئەکبەر لە خۆرا دەستی کرد بە هاوار هاوار، فریام کەون، شیوعیەکان لێم دەدەن! ئەوە بەبێ ئەوەی کەس پێی بڵێ لاچۆ!. هەر هێندەی مابوو خزمانی هێرشمان بۆ بکەن وەهەندێکیان ویستیان پەلامار چەکەکانمان بدەن. شەڕی ئوحەدە و کافر تۆپێنە! کە تەقەمان کرد بە ئاسماندا و هاوارمان لێکردن، زۆربەیان لەوپەڕی دوژمنەوە بوونەوە بەدۆست . بەداخەوە، وا فیرکرابوون..کە

موسڵمانەکان سەرکەون هەموویان لە ترسدا دەبنە سەحابە، کە شکستیان هێنا، دەچنەوە ڕیزی کافران..
دوایی زانیمان حسکەکان بە فیتی پاسدارەکان هەڵیان ناون، بۆ ئەوەی ئەو پاسدارانەی کە لە گوندەکانی تر حەشاریان داون بێن بۆ وێندەرێ،،
دوای دوو شەو زۆربەی چەکەکان بە کۆڵ دەکەینە ئەوبەر، بە تایبەتی ئامێری پیوەندییەکە. شایەنی باسە ئێمە کەمجار زۆرمان لە جوتیارەکان دەکرد بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن، بەلام پارتییەکانی دی بە پێچەوانەوە. ئەوەش پێوەندی بە فەرهەنگی تۆقاندنەوە بوو. تەنانەت لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا، وایان خەڵکەکە تێ گەیاند بوو، کە شیوعیەکان پەزەکانیان دەترسێنن.

## گەڕانەوە بۆ هەورامان

تەنها چەند ڕۆژێکە، ڕەنگە هەمان ڕۆژیش بێ کە گەیشتوینەتە بنکە نوێیەکەمان لە گوندی (شیوی قازی)- قەرەداغ. بروسکەیەکمان بۆدێت کە دەبێ بە بێ دواکەوتن بگەینەوە هەورامان. ئەوە دووەم جارە کە لەماوەی حەفتەیەکدا دەها گوند و باو باران قور و جادەی نێوان شارەکان و  لە قەرەداغەوە بۆ هەورامان بە ناو چەندین مۆڵگەو سەربازگەی دوژمندا ڕێگەی هات و نەهات دەبڕین. هەندێ جار بەشەڕ دێن و بەردەوام دەڕۆین، دەمێکی دیش دەشت و نزارەکان دەبنە کێڵی* پشودانمان.  هەواڵەکە دەربارەی هاوڕێ عەلی کلاشینکۆف و هاوڕێیانیەتی کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١١/١١ ئەشکەوتێکیان بەسەردا ڕوخاوە و ئێمەش هێشتا دەمێک نیە گەیشتوینەتە قەردەداغ، دەبێ کاروانێکی دی بکەینەوە بۆ هەورامان...

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی





کۆتایی مانگی دەی ١٩٨٦ شیوی قازی-قەرەداغ

---

- تەپەکەل: گوندێکی شارەزوورە لێوار چەمی تانجەرۆ
- کێڵ: بەهەورامی واتە کۆگای هاوینانی ناو باخ
- هاوڕێ قەمەر و هەورامان، دوو هاوڕیی شارەزاو چاوساغی مەفرەزە بوون

**گوندی تەپی سەفا* تەقێنرایەوە و**
**هیچ لایەکیش بەرگری لێ نەکرد**

هاوینی ١٩٨٦

گوندی تەپی سەفا بە ناوی خۆیەوە ناونراوە، گردۆکەیەک لە ناوی ئاواییدا قوت بووەتەوە خانوەکانیش بەدەوریدا کراون. ئەو گوندە و دیهاتی دی شارەزوو، زۆربەیان خەمیان لێ نیشتوە کە ناوچەکەیان ببێتە هێڵی سەربازی و قەدەغەی هاتوچوی تیدا بکرێ. پەلێکی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان و چەند هێزێکی دیش لەوانە پارتی و یەکێتی و حسک لەو ناوچەیەدا بوون. لەبەر ئەوەی کە ئەو گوندانە تەنها چەند خولەکێک بە ئۆتۆمبێل لە جادە دوورن، هەموو لایەکیش هەوڵی ئەوە دەدەن کە خۆیان لەوە بپاریزن کە بە رۆژی نیوەڕۆ بچنە ناو گوندەکانەوە.

ئەو پەلەی ئێمە لە نیوان شەشکەکاندا* خۆی، لە ناو تورکەکاندا حەشار داوە، دوو پێشمەرگەی (ئالای شۆڕش*)یشمان لەگەڵدایە. کە چاوێکیان کردوەتە دە، نەبا یەکێتی بیانبینێ و زەفەریان پێ بەرێ، بە هەرحاڵ خۆیان لە ئێمە ئالاندوە.

بەیانییەوە و تاریکو لیڵە، گوێمان لەدەنگی زرێپۆش و تانک دەبێ، تەقەیەکی زۆر دەست پێ دەکا، ئێمە خۆمان لە سەنگەر مت دەکەین، چەکی قورسمان عەفارۆفیکی ژەنگاوی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمە کە هەندێ جار وەک ئاو کاردەکا و جاری واش هەیە لەگەرمەی





شەڕدا، وەک هەڵوێستی روسەکان بەرامبەر کورد، مان دەگرێ، بۆیە جێگەی بروا نیە. ئیدی چەکەکانی دی سووک بوون.

ئێمە لە سەرباز و جاشەکانەو زۆر نزیکین، سەر گردەکەی ناو ئاواییان گرتووە و ڕەشاش و چەکی قورسیان لەوێ دامەزراندوە. هێشتا نۆی بەیانییە و تەقە لەهەموو لاوە بێ پسانەوە دەکرێ. یەکێ لە خەڵکی ئاوایی پەیامێکی هەڕەشەی سوپا بۆ پێشمەرگە دەهێنێ، کە ئەگەر لێیان بدەین، گوندەکانی دیش دەسوتێنن و خەڵکەکەش بەدیل دەگرن.

ئێمە دوودڵین لەوەی کە شەڕ بکەین یان نەء، ئاگاداری هێزی لایەنەکانی دیش نین، ئەوەش نازانین کە ژمارەیان چەندە و چەکی باشیان پێیە یان نەء. لە هەمان کاتیشدا ناتوانین پیوەندییان پێوە بکەین. هاوئاهەنگیش لە نیوان ئێمە و ئەواندا پێویستە، هەر هیچ نەبێ، لەبەر ئەوەی نەبا یەکترمان لێ تێکبچێ. ئەو دوو پێشمەرگەیەی ئالای شۆڕش(عەریف کەریم وخالید) ناوێ، کە لەگەڵ ئێمەن، پێیان وایە دەبێ ئێمە لێیان بدەین، کەمێکیش خۆیان گێف دەکەنەوە کە گوایا ناوێرین. ناوچەکەش هی شەڕ نیە و دوژمن زۆر باڵا دەست ترە.

تا نزیک کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ، سوپا، زۆربەی خانوەکانی ئاوایی لەبەرچاوی خاوەنەکانی و ئاگاداری ئێمە، دەقێنێتەوە، تەنانەت مزگەوتەکەش.

دوای کشانەوەی سوپا، چوینە ناو ئاواییەوە، گلەیی و گازەندەمان، لە ڕوخسار خەڵک دەخوێندەوە، هەندێ بە ئاشکرا و هەش بوو بە لالوت

وەلامیان دەداینەوە. ناهەقیان نەبوو، مافی خۆیان بوو، کە ئێمە چەند بار بووین بەسەر ئەو خەڵکەوە، چەند بارێک، باری هەژاری، ترس و ویران کردن. هەستێک کە ئایا بەرهەمی ئێمە بۆ ئەوان چییە؟ کە نەتوانین بەرگرییان لێ بکەین، ئیدی شۆڕش چییان بۆ سەوز دەکا؟

ئاسۆ بیارەیی(ئارام هەورامی)
شارەزوور، هاوینی ١٩٨٧

---

- تەپی سەفا: گوندێکی شارەزوورە لە بناری دەشتایی چیای هەورامان و نزیک شاری هەڵەبجە. دوو تەپی سەفا، خوار و سەرو هەیە.
- وێنەکەی تەپی سەفا لە پەیجی تەپی سەفا وەرگیراوە.
- شەشکەکان، دوو گوندی شارەزوور بەریزی گوندی دەبێ سەفادا.
- ئالای شۆڕش: رێکخراوێک بوو ساڵی ١٩٨٤ لە یەکێتی جیا بووەوە. مەلا بەختیار و م پشکۆ نەجمەدین چەندێک بوون لە دامەزرێنەرانی.





**انشاءالله شهيد ميشي!**
**ئینشائەڵا گو میخوری!**

لە کەمینەکەی (وەنەناو) وین*، مانگی دەیە و ڕادیۆمان کردەوەتەوە، پارتییەکان گلەیی ئەوەمان لێ دەکەن کە حزبی شیوعی بەتەنیا لەگەڵ یەکێتی بەبێ ئەوەی پرسیان پێ بکا، ریککەوتووە، هەر چەندە ئێمە هیچ بڕیارێکمان لەسەرکردایەتییەوە هەنووز پێ نەگەیشتبوو. سەرباری ئەوەی زۆربەی هێزەکەمان چووبووە خوارەوە و پێشتریش مەفرەزەکانمان لەوێ لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی، بە نهێنی لە ناوچەکاندا دەگەڕان.

باسی ئاشتبوونەوە نێوان لایەنەکان تادەهات گەرمتر دەبوو، (حسک)* پێش هەموو لایەک، قردێلەی گەیشتن بەرێکەوتنی یەکلایەنەی لەگەڵ یەکێتی لە هاوێنی ١٩٨٥ قرتاند، لایەنەکانی دیش لەسەر هەمان ڕێرەو بە سۆ بوون.

هێزێ سەرەکی پارتی و یەکێتی بوون کە دەبوو رێککەون. لەو بارەو ورتە ورت هەبوو کە بە میانجی و رێنمانی سەرانی قەرارگای ئەنبیاء* و ئەوانی دی، گەزۆی ئاشتی لە نیوانیان دابەشک بکرێ و پشویەک بەشەڕی چەند ساڵەی مەلایی- جەلالی، شەڕی بنەماڵەکانی سۆران و بادینان، بە شێویەکی کاتیش بێ، بدەن، هەرچەندە، چەند جارێ لایەن و حزبەکانی تری ناوچە، هەوڵیان دابوو نیوانیان خۆش بکەن، بەڵام دیاربوو جادوی مەلاکان بەهێزتر بوو. وەک هەڤاڵ (رەحمان)ێک لەو

ساتەدا وتی: گرنگ ئەوەیە گەزۆی ئەو ئاشتییە نەبێتە ژەهری مار و کوردستان وێران نەکا.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/١١ یە، لە هەمان شوێنین، ڕادیۆی ئێران زوو زوو پەیامی دەدا، کە هەر ئێستا نوخشەیەکی دی بڵاو دەکەنەوە. هەڤاڵێک بە ناوی ئۆستا قادر وتی: ئێمە بەدزییەوە قل قل پاسدار دادەبەزێنین، هێوادارم یەکێتی چاو لە حسک نەکا و بە گەلابە دایان بەزێنێ! بوو بە پێکەنین..

هەموو پەرۆشی ئەوەمانە بزانین، ئەو مزگینیە چی بێ! بەڵێ! بیرنەوتەکانی کەرکوک بە (هاوکاری مسلحاني ئیتحادی مهني موسڵمان) ئاگریان گرت. ئەوە یەکەم بەرهەمی ڕێکەوتنی نێوان ئیران و یەکێتی بوو، دوای ماوەیەکی کورت، سوپای بەعس پتر لە ٢٠٠ گوند لە ناوچەی جەباری و گەرمیان دەسوتێنێ.. گوندەکانی مێوڵی و دێلێژەش* بوردومان دەکا. شەڕێکی سەختیش لە شاخی (گوڵان)ی پشت شارۆچکەی دەربەندیخان، بەرپا دەبێ و دەبێتە مۆڵگەی سەربازی. لەو شەرەشدا چەند هاوڕییەکی ئێمە بریندار دەبن، لەوانە هاوڕێ جەلیل و ئاری. بۆ نەگبەتی شورەوی و شیوعیەکانیش، ڕوداوی تەقینەوەی ئێستگەی نەوەوی چەرنۆبل هەر ئەو ساڵە دنیا دەهەژێنێ.

ئەوە دڵەخورپەی دیاری ساڵرۆژی لە دایکبوونی من بوو، تەنها بۆمنیش نا، دڵەخورپەیەک بوو کە باباگوڕگوڕی بریندار کرد، کە بۆنی خوێن و بارودی بە ناوچەکەدا بلاوکردەوە. ئیدی لە شوێن مانگەکانی ساڵ نازناوی فەجر و فەتحی یەک و دوو و سێ..هتد وەک تەزبیحی





تەراویحی دەستی ئاخوندەکانی کەربەلا و مامە، بێ کۆتایی بوو. تەزبیحێک، کە هێزە کوردیەکان بوونە چەند دانەیەک لە دەنکەکانی و لەژێر دروشمی (انشاءالله شهید میشي)* بەرەو بەرەکانی مردن خەڵک و خاکەکەمیان دەسوتاند.

بۆ یەکەمجار ئەو ئێوارەیە، هەستم بە غەمێ کرد، ترسێک، کۆمەڵێ پرسیاری ئاڵۆز کە ئێمە خەریکی چین؟ هەر چەندە هەندێ پێشمەرگەی، تەنانەت کە شیوعیش بوون، گەشکەیان دەکرد، کە گوێیان لە ئاوازی (ئەللاهو ئەکبەر، خومەینی رابەر) دەبوو*.

ئاسۆ بیارەیی( ئارام هەورامی)
١٩٨٦/١٠/١١ (کەمینەکەی وەنەناو) چیای هەورامان

---

• انشاءالله شهید میشي!: مەلاکانی ئێران ئەوەیان دەخوێن بەسەر ئەو پاسدارانەدا، پێش ئەوەی ڕەوانەیان بکەن بۆ بەرەی شەڕ. دەڵێن جارێکیان لە هێرشێکی هاوبەشی یەکێتی و ئیراندا، گوایە مەلایەک دەیەوێ هەمان ئاوات بۆ پێشمەرگەیەکی یەکێتی بخوازێ، پێشمەرگەکەش کە گوێی لە مەلاکە دەبێ، دەڵێ: ئنشاڵلا گو دەخۆی منالم ووردە، بۆ شەهید بم!

• (وەنەناو): کەمینێکی هاوبەشی ئێمە و پارتی کە دەکەوێتە سەر سنوور لە چیای هەورامان پشت تاقگەی زەڵم/ئەحمەد ئاوا

• قەرارگای ئەنبیاء: قەرارگایەکی سوپای پاسدارانی ئێران

• ١٠/١٠ ساڵرۆژی لە دایکبوونم، ئەو ڕۆژەی لە بیرە نەوتەکانی کەرکوک درا ساڵی ١٩٨٦

**مەیادە حەناوی و دەڤەری شارەزوور**
**یادێک لە گەڵ شەهید سیڤەر***

کوڕێکی چاوڕەش، شەرمن و کەمدو، لە بەتالیۆنی حەوتی هەورامان دەردەکەوێ، هەر کە ئاخاوتن دەکا، یەکسەر دەزانین کە خەڵکی کەرکوکە. باڵایەکی کورت، بەڵام شان و بازوویەکی توند و تۆڵ و بەخۆ و پتەو، وەک خۆی وتی: پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، ڕاهێنانی یاری کاراتی کردوە. خۆنەویست و ئامادەی هەموو قوربانییەک..

گەرمای نیوەڕۆیەکی مانگی حەوتی (١٩٨٦)ە ، هەفتەیەک پترە، لەو گوندانەی شارەزووری دامێنی هەورامان جەولە دەکەین، لە پەلێکی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان پێک هاتووین. دانیشتوانی گوندەکان خەریکی توتن و کشتوکاڵن. ڕێگەی گوندی ئەحمەد ئاوا تەواو داخراوە. ڕێی دابەزینمان بەو هۆکارەوە لە چەند کاتژمێریکەوە دەبێتە دوو ڕۆژ. دەبێ لە کەڕەچاڵەوە* بەرەو پشتی شرام، کە دەکەوێتە پشتی ناحیەی بیارە* وە، بۆ هانە نەوە* کە ئاوێکی سازگار و چەند بنە گوێزێکی ناسکی تیایە، ناسک کە وەک هەورامیەکان دەیانوت، وێنەی قامکی کیژێکی چوارەدە ساڵ، کە هێشتا نازانی دڵداری چییە و دەستە ملانی پێ نەکردون. گوێزەکان توێکڵ تەنک و بە تامن، . لەوێشەوە بە بناری شاخی (شرام)*دا لەنیوان سەرگەت* و گوڵپ تا شارەزوور، پتر لە هەشت کاتژمێری دەوێ، تا دەگەینە تەختایی شارەزوور. سەرباری مەترسی، بەڵام چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە.





ڕەنگە ئەم یادەوەرییەم تێکەڵ کردبێ، لە گەڵ ئەوانی دی..بەڵام ئەوەی دەزانم، گوندەکانی ئەو ناوچەیە و شاری هەڵەبجەش هێشتا ماون. هێشتا سوپای پاسدارن نەیکردونتە بەشێک لە خاکی حەسن و حوسێن و سەر نەبڕاوان.

بە هەر حاڵ گەرمایە و لە نیوان تورکەکانی شەشکی سەرو و خوارو خۆمان حەشار داوە، تاکو دوای کاتژمێر دوانزە بە ئاشکرا بکەوینە ناو ئاواییەکان و دابەش بین. زۆر جار یان ڕێکخستنەکانمان نانیان بۆ دەهێنایەن، یاخود، دوو پێشمەرگە بەبێ چەک دەچوون دەیانهێنا. جاری واش هەیە دەکەوینە ناو بێستانی شوتی یان کاڵەکەوە، تەماتە یان خەیارەوە، بەو نانەی پێمانە خۆمان تێر دەکەین.

ئەو ڕۆژە نۆرەی من هاوڕێ سیڤەر بوو، هەردووکیشمان هێندە شارەزا نین، سیڤەر خەڵکی شاری کەرکوکە و منیش هەورامییەکی سلێمانی. لە هەیوانی یەکێ لە ماڵەکانی گوندی(شەشکی خوار) و دانیشتوین و باسی سیاسەتیان بۆ دەکەین تاکو کابانوی ماڵ خواردنەکەمان بۆ ئامادە بکا، چەکمان پێ نیە. تەنها دوو نارنجۆکمان لەگەڵ خۆمان بردوە. هاوڕێ سیڤەر، کەوتبووە باسێکی گەرمەوە، منیش پیم وت: دەبێ کەمێ خێرا بکەین، هاوڕییان چاوەڕێ دەکەن!

لەپڕ ژنێکی ناسیاومان هات و منی ناسییەوە، وتی، ئەرێ نەگبەتینە ئەوە لێرە بێ چەک چیدەکەن؟ فریا نەکەوتین پرسیاری لێ بکەین، بارانی گوللە لە هەموو لاوە بەسەر ئاواییدا دەستی بە باران کرد، ژنی ماڵەکە

وتی: دەبێ فریای حەوشەکەی پشتەوە بکەون، باخی هەنارەکان تەنها چەند سەد مەترێکە.

بە پرتاو بەرەو ئەوێ دەچین و تا دەگەینە ناو هەنارەکان، گوللە هەندێ دار دەبڕێتەوە، هەر چۆنێک بێ ڕزگارمان دەبێ. کێشەش ئەوەیە کە چەکمان پێ نیە، ناوی ئاواییش پڕ دەبێ لە سوارەکانی سەر بە بەعس، کە لە فەرهەنگی کوردیدا بە جاش ناسراون. گوێم لە زرمەیەک بوو وام زانی ڕۆکێتی ئاربیجیان پێوەناین. دواتر لە هاوڕێ سیڤەرم پرسی ئەو زرمەیە زۆر نزیک بوو. وتی: نارنجۆکەکەم بەو ئاراستەیە تەقاندنەوە بۆ ئەوەی بترسن و نەکەونە شوێنمان.

تا نزیک سێی پاش نیوەڕۆ، هاوڕییان نادۆزینەوە، لای ئێوارەوە لەگەڵیان یەک دەگرینەوە. هاوڕییان پییان وایە، ئیمە بەدیل گیراوین. دوای چەند کاتژمێرێک لەگەڵ هاوڕییاندا یەک دەگرینەوە و دوو دوو دووبارە ڕیز دەگرین و بەرەو ئاوایی، دەکەوینە ڕێ. بەرێکەوت ئەندامێکی ئاڵای شۆرشمان لەگەڵ دەبێ، کاتی خۆی لە زیندانی موسڵ زیندانی دەبێ، دەڵێ: ئێستە لە خۆشی ئێوە دەیخەمە سەر گۆرانییەکی خۆش. ئەوە گۆرانیە بەرێکەوت دەنگی مەیادە حەناوی گۆرانیبێژی وڵاتی سوریا دەردەچێ. گۆرانی (کان یا ماکان) (هەبوو نەبوو)..دەبێ،،

دوای دوو ساڵ هاوڕێ سیڤەر لە ناوچەی شوان دەبینمەوە، پاش ئەوەش دوای چەند ساڵیکی دی دەبیستمەوە کە لە شەڕی ڕزگارکردنی شارەکەیدا (کەرکوک)٢١ ئازاری ساڵی ١٩٩١ شەهید دەبێ.





---

- ئەو وێنەیە لە پەیجی گوندی شەش لە فەیسبوک وەرگیراوە
- کەرەچاڵ: بارەگای مەڵبەندی حزبی شیوعی عێراقی سلێمانی و کەرکوکی لێ بوو
- چیای شرام دەکەوێتە پشتی ناحیەی بیارە لە ناوچەی هەورامان.
- هاوڕێ سیڤەر لە شەڕی ڕزگارکردنی شاری کەرکوک لەبەهاری ١٩٩١ شەهید بوو

**جاشەکان و گوندی چەمپاراو..**
**ئەسپ و سێوەکانی هەڤاڵ عەبدوڵاش**

وەک لە یاداشتەکانی دی ئاماژەم پێدا، ساڵانی نێوان ١٩٨٥..١٩٨٦ کەوتبووینە نێوان بەرداشی دوو سوپاوە و گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقە. نزیکترین گوند لێ مانەوە ،پێنج سەعات بە پیادە دوورە، ئەویش چەمپاراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر سنووری دروستکراو. لەوێ لەگەڵ چەند دۆستێکی هاوڕییاندا، کە دوکانیان هەیە، پێوەندی بە دزی ئێرانەوە، پەیدا دەکەین، زۆرجار خێرا شتەکانمان دەکرین و لە ئاوایی وەدەر دەکەوین. گوندەکە بێجگە لە بارەگایەکی چکۆلەی پارتی ، هیچی تیا نیە. لە هەموو خزمەتگوزارییەک بێ بەشە، تەنها مزگەوتێکی کۆنی پیس و چلکنی تیایە. یەکێ نەزانێ موسڵمانی تیانیە، هێندە باری ئەو مزگەوتە شپرزەیە، بەڵام سەرباری ئەوەش لە کاتی نوێژدا پڕ دەبێ لە نوێژکەر.

خەڵکی ئاوایی چەمپاراو زۆر لەو بنکەیەی پارتی بێزارە، چونکە بەرپرسەکەیان گوایە کورە ئاغایەکە. ئەو کورە ئاغایە و پێشمەرگەکانی ڕۆژ تا ئێوارە کاریان نیە لولەی سوپای ماڵان دەکەنە نیشانە و کونی دەکەن. جار جاریش دژایەتی حسین بەفرینی نووسەر دەکەن کە ماڵی لەوێندەرێیە، ناوبراو خۆی بە مارکسی دەزانێ. کەسانی دیش هەن کە گوایە دێوانەی مارکسن، لەوانە ئاڵای شۆڕش* . هەندێکیان لەو ئاڵا بەدەستانە، کە ئاڵاشم نەبینیوە بەدەستیانەوە، کە بە میوانی دێنە لای





ئێمە، جنێویان بە ماڵباتی بەرزانی دەدەن و کە دەشچنە لای ئەوان سەرو گوێلاکی ئێمە دەدەنە بەر شەقی تەحریفیەکان. جارێکیان هەر لەو چەمپاراوە، لەبەردەم دوکانێکدا، دوو ئاڵای شۆڕشمان لەگەڵدا بوو، کەپارتییەکیان بینی، کەوتنە ووشەی ناشیرین، من و هاوڕێ حەمە سەعید* توند وەلامیان دانەوە..

ئەو چەمپاراوە، پڕە لە خێزانی پشمەرگەی ١٩٧٤ و هەندێک لەوانە عەبدالله ناوێکە، کە ئامر هیزێکی پارتی دەبێ و دواتر بروا بە ڕێبازی سۆشیالستی دەهێنێ و ڕاستگۆیی کاکە حەمەی حاجی مەحمودی بەدڵ دەبێ و ڕیزەکان حسک هەڵدەبژێرێ. شەوێ میوانی ئەو هەڤالە دەبین، دوای خزمەت و ڕێزێکی زۆر، باسی ئەوەمان بۆ دەکا، کە کاتی خۆی ئەسپێکی دەبێ و هەموو بەیانییەک، یەک فەردە سێوی توێکڵ ئاڵی تەورێزی دەرخوار دەدا. کە ئاشبەتاڵ دەبێ هەڤاڵ عەبدوڵا ئەو توانایەی نامێنێ کە سێو بکڕێ ، ئیدی دەیفرۆشێت. کە شۆڕشی نوێ دەست پێ دەکاتەوە، بەڕێکەوت عەبدوڵا، سەردانی باخچەی ئاژەلان دەکا لەتاران، لە پڕ گوێی لێیە دەنگێک بەفارسیەکی پاراو بانگی دەکا: عەبدولا سیب سیب (عەبدوڵا سێو سێو). ئیدی لە ناو هاوڕییاندا ئەوە کرا بە پێوەرێکی بۆ ڕاستگۆیی کە هەرکەس فشەی بکردایە دەیانوت: سیب سیب. هەڤاڵ عەبدوڵا دەها شتی وای دەگێرایەوە و زۆر بە ڕاشکاوی بەرگریشی لی دەکرد.

هەتاوە، تازە لە گوندەکە(چەمپاراو) دەچینە دەروە، سێ پێشمەرگەین و یەکی یەک کۆڵە پشتی، بارمان پێیە. تەنها چەند سەد مەترێک لە ئاوایی

دوور کەوتوینەتەوە، لەپڕ دوو پەیکان* چەکدار لە دوورەوە بەدی دەکەین، یەکەم جار پێمان وایە پێشمەرگەی لایەنێکی دۆستن، چونکە جار جار پێشمەرگەی کۆمەڵە و دیموکرات دەردەکەوتن. نەخێر جاشن و ئاڵایەکی سەوزی قەرارگا بە ماشینەکەیانەوە دیارە. بۆ ئاگادار کردنەوەی سەرباز هەڵهاتوەکان و گەنجەکانی ئاوایی، چەند گوللەیەک بەسەر ئاواییدا دەتەقێنن، هەر لەوێ بە چەند گەنجێ دەڵێین: خەریکە ئاوایی پر دەبێ لە جاش. ئێمە لەناو دارەکاندا خۆمان وون دەکەین و بە ئاراستە پەیکانەکان دەستدرێژ بەسەریاندا دەکەین و هەوڵدەدەین نەکەوینە شەرەوە، چونکە هەموو هیزی مەڵبەند و بنکەکانی دی دەکەونە مەترسییەوە. خۆمان لە ناو باخەکاندا تا ماوەیەک مت دەکەین. دوای چەند رۆژێ، یەکێ لە دانیشتوی ئاوایی دەبینین، ئێوە میوانی منن، پێمان دەڵێ: ئێوە هەرگیز لە چەکداری قیادە موەقتە ناچن. کە دوای ماوەیەک هاوڕییانی بەرپرس دەزانن کە ئێمە ئەو هەرایەمان ناوەتەوە، سزایەک دەخۆین.. ئەویش چەند رۆژێک چێشت لێنان بوو..

ئاسۆ بیارەیی/ئارام هەورامی
سیاگوێز.شارباژێر
زستانی ١٩٨٥

---

- پەیەکان: پێکابێکە لە ئێران دروست دەکرێ. لە پێشەوە وەک ئۆتۆمبێل وایە و لە پشتەوە پیکابە.





## مەجید دوکانی
## گیڤارایەکی کوردستان و نەمرێکی چیا

خێزانێکی جوتیاری، گوندی دوکان لە بەرەبەیانێکی رۆژی ١٩٥٥ کورێکیان دەبێت و بە عەرەبی ناوی دەنێن نەمر(مەجید)، نوخشەیەک کە ببێتە بەشێک لە گیانی هەرەوەزی جوتیاری و چاکردنی بژێویان، کە ئەرکێک لە سەر شانیان کەمبکاتەوە.

هاوینی ١٩٨٦ ە، لە بنکەی بەتالیۆنی حەوت ( لە کەڕەچاڵ) دانیشتوین و مەفرەزەیەک ، ئاسک ئاسا لە کێوەکەی بەرامبەرمانەوە، دێتە خوارێ. ئەوان سوار نین، بەڵام وەک پلنگی چیا، رێگەکەیان بە هەنگاوەکانیان کورت دەکردەوە. دەگەنە جێ و یەکتر دەناسین، من پێشتر نەم دیوە. هاوڕییەکی گەرمیان وتی: ئەوە یەکێکە لە شێرەکانی قەرەداغ، کە لە ١٩٧٣ وە پێشمەرگەیە و قەتپاڵی کێوەکانی ئەو ناوچەیەی کردوەتە لانەی.

بەڵی! گیڤاریەک، کە تەنها ناوەکەی جیایە و کوردە، دوژمن بەزێن و سرک وەک کەڵە کێویەکانی شاخی زەردەی* قەرەداغ. سەرباری هەژاری، دەربەگە مەلاییەکانی ناوچەی قەرەداغ، کە دژی یاسای چاکردنی کشتوکاڵن و دەیانەوێ درێژە بە چەوسانەوە و سەرانە لە جوتیارە هەژارەکانی ناوچە وەرگرن. بارێکی گران بۆ سەدەها خێزانی وەرزێر لەو ناوچەیە دروست دەکەن، تەنانەت هەرەشەش لەو مامۆستایەنە دەکەن، کەمندالانی ئەو ناوچەیە فێری خوێندەواری دەکەن .

بەو هۆیەشەوە ، زۆربەی مندالانی ئەو خێزانانە ناتوانن خوێندن تەواوکەن و ناچار کاردەکەن.

مەجید و حەمیدی برای، کەمێک گەورە دەبن، بگرە زۆرکەس ئەو بارە پەسەند ناکەن و هانا بۆ حزبی شیوعی دەبەن و دەبنە ئەندام لەو حزبە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان.

ئەو چەند ڕۆژەی کە ئەو نەمرەم ( مەجید)م ناسی، باسی جەور و ستەمی ئەو دەربەگە پارتیيانەی دەکرد، کە چۆن وەک مسکین* سەیری خەڵکیان دەکرد و هەندێ جاریش ژن و کچیان بەناوی شۆرشەوە زەوت دەکرد. مەجید باسی ئەوەم بۆ دەکات... و منیش بیرم دەچی بۆ لای (عەبدولوەهاب ئەتروشی) کە فەرماندیەکی پارتی دەبێ لە ناوچەی هەورامان، کە ڕۆڵی مولازم وموحسین* و کوردکوژێک دەبینێ، لە لەناو بردنی لاوەکانی هەورامان لەوانە کەمالی ئەحمەد ڕوش و ڕاونانی دەها مامۆستای وەک حەمەی مەلاکەریم و کاری قێزەونی دی. هاوڕێ مەجید ئەوەم بۆ رون دەکاتەوە کە کە خۆی ساڵی ١٩٧٤ چەکی کرێوە و بەرگری لە خۆی کردوە، چونکە دەسەلاتێک نەبووە، بێجگە دەربەگە مەلاییەکان، لەو ناوچەیەدا. ئەوانیش بەپیی بەرژوەندی خۆیان پاڵیان داوە بەو هێزەوە کە لە بەرژوەندییان مسۆگەر بکا.

**گوڵکردنی ئەزمونی پارتیزانیی مەجید**

ئەزمونی چەکداری مەجید دوکانی، هەر لەو ستەمەوە لە دایک دەبێ و بەهرە وەردەگرێ. ئەو تا شەشی سەرەتایی پتر ناتوانێ بخوێنێ، بەڵام





بەهرەمەندێکی سەربازی وا لێ دەردەچێ، کەم وێنە، هەر چەندە بەشداری هیچ خولێکی سەربازی نەکردوە، بەڵام دەبێتە سەرکردەیەکی خاکی سەر خاک و ناو خەڵک، و خێرا خۆشەویستی خۆی لە دڵی خەڵک دەکاتەوە.

هاوڕێ مەجید، یەکێک لەوانە دەبێ کە هاوپەیمانی حزبی شیوعی لەگەڵ بەعسدا پی پەسەند ناکرێ و بۆیە، هەردەم یارمەتی پێشمەرگە دەدات و دواجاریش ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە پێشمەرگە و یەکەم مەفرەزی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ. لەدەیان داستان و شەڕدا بەشداری دەکا. لەبەر برینداری بۆ چارەسەر، حزب دەینێرێتە دەرەوە و دووبارە دەگەرێتەوە بۆ نیشتیمان. شەڕی، گوندی ئەحمەد برنەو*، شەرەکانی ئالان و حاسلێ شارەزوور، شەڕی رزگارکردنی ناحیەی قەرەداغ ساڵی بەهاری ١٩٨٧، شەڕی داستانی ناحیەی نەوجول هاوینی سالی ١٩٨٧ شەڕی یەکەم و دووەمی شاخی زەردە ١٩٨٧، شەڕی بەرگری ئەنفال لە سێوسێنان و دێوانە ١٩٨٨ و هاوڕییانی، شایەتی ئەوەن کە ئەو نەمرە چۆن بەرەو پیری پێشمەرگ دەچوو.

لەبەر کارامەیی و لێهاتوویی، هاوڕێی مەجید دەکرێتە سەر لقی ١٠ بەتالیۆنی پانزەی قەرەداغی حزبی شیوعی. لە دوای ئەنفالەکانی سوپای عەرەبی عیراق، لەگەل کۆمەڵێ هاوڕێی دیدا، لەوانە جەوهەر(ڕەئوف)، جوتیار، بێستونی موخابر، حەمە بچکۆل، حەمەی حزب، کاوە و چەند هاوڕییەکی دیدا لە ناوچەی قەرەداغ دەمێننەوە.

بەداخەوە هاوڕێ مەجید، ئێوارەیەکی سالی ١٩٨٩ بەرەو ئۆردوگای نەسر لەلای زەرایەن/سلێمانی، لەگەڵ مەفرەزیەکەدا، بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکێک دادەبەزن، لە نزیک ڕوباری تانجەرۆ شەهید دەبێت. شەهیدبوونی ئەو هاوڕییە گەورەترین زیان دەبێ بۆ ناوچەی قەرەداغ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ئاسۆ بیارەیی(ئارام هەورامی)
کوێێستانی گوێزێ/قەندیل ١٩٩٠

---

- زەردە: کێوی زەردەی پشت شارۆچکەی دەربەند
- کەرەجاڵ: بنکەیەکی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەورامان پشت  تاڤگەی زەڵم
- گوندی دوکان: گوندێکی ناوچەی قەرەداغە
- نەسر: ئۆردوگایەکی زۆرە ملێیە نزیک زەراپەنی سلێمانی
- تانجەرۆ: روباری تانجەرۆ
- جەوهەر: ناسراو بە هاوڕێ ڕەئوف ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بوو  کە دوای پرۆسەی ئەنفال لەشاخدا مایەوە و لە ئۆردوگای نەسر، دوای بەرگرییەکی پاڵەوانانە ، فیشەکی پی نامێنێ بەبریندارى سالّی ١٩٨٩ دەگیرێ و دواتر لەسێدارە دەدرێ.
- سوپاسێکی بێ پایان بۆ هاوڕێ هیمن کانی ساردی کە زانیاری دەربارەی هاوڕی مەجید دوکانی بۆ ناردەم!





**داستانەکەی  نێوان گوندی ( تەپی سەفا و شەشک) کەکان***
**داگیرکەران بە چل زرێپۆشەوە هەڵهاتن**

رۆژێکە لە رۆژەکانی کۆتایی پایزی ١٩٨٧، گوندەکانی شارەزووری بناری چیای هەورامان ،  وێران کراون، تەپی سەفای سەرو، خوار و شەشکی گەورە و بچوک، تەپە کورە، خێڵی حمە، دێ کۆن، گۆمەڵار و تا دەگاتەوە شارۆچکەی خۆرمال*. تەنها ئەوێ نا، تا شارەزووری ئەوبەر ناوچەی  قەرەداغ ، کراوەتە  ناوچەیەکی سەربازی قەدەغەکراو، دەبێ شینابیش نەمێنی. سروشت بسوتێ، نەمامێک بە پیوە نەمێنێ. هەڵەبجە و بیارە و خۆرماڵ وەک سێ خوشکی بەجێماوی دوای شەرێکی خوێناوی، لەو سارایە، کەوتونەتە داوی چارەنوسێکی نادیار. ئەو پێشمەرگانە، ئەوەی پێیانە یەکی نەختێ نانە ڕەقە و چای وشکە و دەیانەوی بە چیلکەی چون(وەک) قاچە چۆلەکە، بێ دوکەڵ، ئاگر بکەنەوە، تاکو ئاشکرا نەبن. لەوکاتەدا، خەریکن ئاگر دەکەنەوە، لە پڕ گوێرەکەیەک پەیدا دەبێ و زۆری پێ ناچێ ڕاوی دەکەن و دەبێتە جەژنی گۆشت خواردن. لە چەند لاوە پاسەوانیشیان داناوە و دۆخەکە هێمنە.

نزیک کاتژمیر چوارە، تارێکی کەمتر لە دوو کاتژمیری ماوە، ئەوان بیست و پێنج پێشمەرگە دەبن و خۆیان ئامادەکردەوە ببنە میوانی یەکێ لەو سێ خوشکە بەجێماوە، شاری هەڵەبجە هەڵدەبژێرێن. لەو ماوەیەدا ئەوان خەریکە دەکەونە ڕێ، دەنگی گوللەیەک هیمنی ئەو چۆڵەوانیە

دەتارێنێ. پاسەوانێکیان هەواڵی ئەوە دێنی، کە لە چەند قوڵێکەوە زرێپۆش و تانک ملیان ناوە بەرەو ئەوان.

ئەمان خۆیان دەکەن بەدوو بەشەوە، دەیانەوێ تۆڵەیەکی بجوکیش بێ، هی ئەو گوندانە بکەنەوە، لەدوو بەرەدا سەنگەر دەگرن. هێندە کارا خۆیان مات دەکەن، سوپای داگیرکەران، ناتوانی، لەگەڵ گەلای داربیەکان و تورکەکان جیایان بکاتەوە. بریار دەدەن، تەواو هێمنی بدەنە دوژمن، تاکو لەپڕ بەر پەلاماریکیان بدەن، کە سوپای عوجە هەرگیز لەبیری نەچێتەوە. گرمەی تانکەکان، کە پتر لە چل دانە دەبن و دەها سەرباز و پاسەوانی کۆمارییان بەباشترین چەکەوە لەگەڵ دەبێ، بەرەو پێش دێن، لەوان وایە، گیانەلەبەرێکیش بۆ دەرمان نەماوە. هێندەی خۆش دەبێ، کۆمەڵێک سەرباز لە تانەکەکانیان دادەبزن و دەیانەوی پشویەک بدەن. ئەو دابەزینە بە گڕەی سوری رۆکێتی ئاربجی لێیان دەبێتە دۆزەخ و سەریان لی دەشێونێ. بەشەکەی دیش گەمارۆیان دەدەن بە تەپەلێ تۆڵەی گوندەکان چەندیان لێ دەخەن.  تانکێک و چەند ئیڤایەک ئاگرن دەگرن، هاوار و گریانی سەربازی داگیرکەران بەرز دەبیتەوە، تا دەمە لێڵ دوژمن وا سەری لێ تێک دەچێ، کە پێی وایە دیواری هەموو کەلاوەیەک بوەتە سەنگەرێک و جۆگەی ئاوەکان گۆڕی ئامادەیە بۆیان.

خۆشبەختانە، هەر بیست و پێنج پێشمەرگەکە، بێ زیان، رێرەوەی خۆیان دەگۆرن و ئەو شەوە دەبنە مێوانی چەمی(دەرە قولی) نزیک ناوچەی بیارە.  تا بەیانی ئاونگی زوقم هەڵگەراوی ئەو چەمە، دەبێتە هاورێیان و دواتر بۆ شەوی دوایی، هێزەکە و بەرەو مۆردین





هەواردەگرێ. ئەو داستانە دەبێتە هەواڵێک و لە ناو شاری هەلەبجە و لە شوێنەکانی دی دەنگ دەداتەوە.

ئەو داستانە گەورەترین زەبر لە داگیرکەران دەدا، کە ئیدی بە رۆژی نێوەڕۆش، ویری ئەوە نەکەن بێنە ناو پاشماوەی گوندەکانەوە. ئەوە لە کاتێکدایە  کە ئەو ناوچە یە لە ناو لە پی داگیرکەردایەو چوار دەوری جادەری قیر و مۆلگەیە. شایەنی باسە هێزێکی پارتی ئەو ئیوارەیە نزیک ئەحمەد ئاوا دەیانەوێ دابەزێ، کە دەبینێ دەشت ئاگری لێ دەبارێ پەژیوان دەبێتەوە.

ئاسۆ بیارەیی(ئارام هەورامی)
کۆتایی پایزی ١٩٨٧ شیوی قازی، قەرەداغ

- سوپاسێکی بێ پایان بۆ هاوری سەعید قادر کە کۆمەڵێک زانیاری بەنرخی دەربارەی ئەو شەرە پێ راگەیاندم!
- تەپی سەفای سەرو، خوار و شەشکی گەورە و بچوک، تەپە کورە،  خێڵی حەمە، دێ کۆن، گۆمەلار و  تا دەگاتەوە شارۆچکەی خۆرمال: کۆمەڵێک گوندی شارەزوور بناری چیای هەورامان
- لەو ماوەیەدا، حزبەکان بێجگە شیوعی و پاسۆک، پێشبڕکێی ئەوەیان دەکرد، کە کامیان ژمارەی زۆرترین پاسدار دابەزێنێتە خوارەوە. زۆرجاریش حکومەت ئەو شوێنەی پاسداری تیا بوایە، بە خەستی بۆردومان دەکرد و دەیسوتاند. هەندێ جاریش هاورییانی بەو هۆیەوە توشی شەرێکی گەورە دەبوون. شەری سویەلەمێش و شارەزوور ساڵی ١٩٨٣ بەنموونە، کە کە چەند هاورییەکی قارەمان شەهید بوون. چاوساغی بۆ پاسدار بووبووە گەورەتری بازرگانی. ئەو سەرکردەو و ئامر مەفەرزانەی ئەو حزبانەی کە چاو ساغییان دەکرد بەخشیشێکی باشیان وەر دەگرت.

- هێزێکی پارتیی، بۆ هەمان مەبەست، لە گەڵ سوپای پاسداراندا بۆ گرتنی ناوچەی هەورامان.

- هێزێکی حسک، حزبەکەی کاکە حەمە، بۆ هەمان مەبەست، لە گەڵ سوپای پاسدارندا بۆ گرتنی ناوچەی سورین و شارەزور و بۆ داخستنی ڕێگەی کشانەوە لە پردی زەڵم.

- هێزی ئیسلامیش، بە سەرکردایەتی مەلا عەلی، لە گەڵ سوپای پاسداراند بۆ هەمان مەبەست.

**شەوێک پێش هێرش- ١١-٣-١٩٨٨**

بنکەیەکی پێشمەرگەکانی حشع، لە گوندی مۆردین، باشوری شاری هەڵەبجە، لە لایەن هێزێکی گەورەی (پاسداران و ینک ) وە ئاگادار دەکرێتەوە کە دەبێ بنکەکەیان چۆڵ بکەن و لەو ناوچەیەدا نەمێنن. یەکەم جار پێشمەرگەکانی حشع ڕازی نابن و توڕەدەبن. پاسدارەکان هەوڵدەدەن بەپارە فریویان بدەن. دیسان پێشمەرگەکان توڕدەبن و هەڕەشەی تەقەکردن و پوچەڵ کردنەوە پیلانەکانەیان لێ دەکەن. لیرەدا هێزەکەی ینک، دەکەوێتە وتوێژ و ناچار هێزی ناو بنکەکەی حشع، خۆی دەکات بە دوو بە شەوە و بەرەو شاری هەڵەبجە، دەکەوێتە ڕێ.

شەوی ١١ لە سەر ١٢ ی٣ ی ١٩٨٨ هەمان هێزی حشح، هێزێکی گەورەی سوپای پاسدارن و ینک، لە ناو شاری هەڵەبجە دەبینێت. هەر ئەوە شەوە دوای کاتژمێری 2 شەو، زۆربەی شوێنەگرنگەکانی



یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ..........ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٥

**ئەو هێزانەی کە هەڵەبجەیان کرد
بە کەربەلا**

رژێمی داگیرکەری بەغدا، بەرامبەر شاری هەڵەبجە و زۆر ناوچەی تری کوردستان، گەلێک داخ لە دڵ بوو. بۆ بیانوێک دەگەڕا، کە خیرا، سیاسەتی جینوسایدی خۆی جێ بەجێبکات و خەڵکە سڤیلەکەی بکاتە دیلی خۆی.

لە ساڵی ١٩٨٧ وە, گوندەکانی شارەزوری نزیک شاری هەڵە بجەی وێران کردبوو، تەنها شاری هەڵەبجە، شارۆچکەی خۆرماڵ و بیارە مابوون وێرانیان بکات.

گەرم بوونی پێوەندی سوپایی، پارتییە نەتەوەیەکانی باشوری کوردستانی ، لە گەڵ سوپای پاسدارانی ئێراندا، ئەو پرۆسەیەی خێراتر کرد و ناوچەکانی تری دەسەڵاتی پێشمەرگە، کەوتە بەر هەڕەشەی لە ناوچوون.

**نزیکبوونەوەی ڕۆژانی هێرش**

سوپای پاسدارنی ئێران لە گەڵ پێشمەرگەی ئەم لایەنانەی خوارەوە بەم شێوەیە پلانیان داڕشتبوو:-

- هێزێکی ینک لە گەڵ سوپای پاسداراندا، بۆ چاوساغی و کاری سوپایی، - لە ناوچەی هاوار، شنروێ و ناوشاری هەڵەبجە دانرابوو.

شار دەگیرێت. هێزەکانی تریش، بەپێی نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکە، شوێنەکانی تر دەگرن.

**ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٢**

شار بەتەواوەتی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی سوپای پاسدارانەوە و هێزەکەی ینکیش، بانک، پۆلیساخانە و زۆربەی دائیرەکانی میری دەگرێت. هێزێکی پاسداران و پدک، ناوچەی هەورامان داگیردەکەن. هێزەکەی حسکیش، لە ناوچەی شارەزور و سورێن و پردی زەڵم، پشتی هێزە ڕاکردوەکەی سوپای عیراق دەگرن و ڕۆژی ١٤-٣-١٩٨٨ ئەو پردە دەتەقێننەوە، کە تاقە ڕێگەی بەستنەوەی شاری هەڵەبجەیە بە شارۆچکەی( سەیدسادق)وە. تەنانەت دەبێتە شەڕی قەمە لە تەپەکورە و نیزیک شارۆچکەی خۆرماڵ، لە نێوان هێزەکانی ئێران و عیراقدا.

**کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە**

چوار ڕۆژ بە سەر داگیرکردنی شاری هەڵەبجەدا، لە لایەن داگیرکەرێکی دواکەووتوەوە و بە چاوساغی هێزی پێشمەرگەی ئەو پارتییە ناوبراوانەوە تێ دەپەڕێت. ڕژێم بەردەوام ناوشار بە تۆپ و چەکی قورس   وناپاڵم بوردومان دەکات. سەعات 11نیوەی نیوەڕۆی ١٦-٣-١٩٨٨ ، نۆرەی  بۆردومانی کیمیاوی شار، دەست پێ دەکات و بەهەزارەها کوردی سڤیلی ئەو شارە دەکوژرێت و بریندار دەبن، سەدەهای تریش وێڵ و سەرگەردان.





**ئەو ڕاستیانەی**
**کە دانیشتوانی سڤیلی هەڵەبجە دەیزانن**

- خەڵکی سڤیلی شار، کە دەبینن شارەکەیان لە دوکەڵ و ئەڵاهوئەکبری پاسداراندا وندەبێ، ترسی هیرشی فرۆکەیان لێ دەنیشێت و بەرەو دەرەوەی  شار هەوڵ دەدەن خۆیان ڕزگاربکەن. بەداخەوە پێشمەرگەکانی ینک. پدک، حسک و ئیسلامی، ڕێگەیان نادەن و بەرەو شار دەیان گێڕنەوە. هەندێکیشیان سوکایەتیان پێدەکرێت و تەقەیان بەسەرردادەکرێت. نمونەیەکی زیندوو، توفیقی کارەبا، کە دوای گەڕانەوە ی بۆ شار، بە ماڵ و منداڵەوە، گازی ژەهراوی دەیخنکێنیت.

بیانوی ئەوپارتییانە ئەوە بووە، کە گوایا، گفتی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیان، دوای ڕزگارکردنی شاری هەڵەبجە، لە ئێرانییەکانەوە وەرگرتووە.

- دەرکردنی مولازم خالد، کە مودیر ئەمنی هەڵەبجەبووە، لە لایەن پیاوەکانی ڕژێمەوە، کە لە ڕیزەکانی حسک پێشمەرگەبوون.

- تالانی کردنی ماڵ و حاڵی خەڵکی، لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە و هەندێ پێشمەرگەی، ینک، پدک، حسک و ئیسلامی،  کە پشتیوانی ڕاستەو خۆی ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی شاری هەڵەبجەیان لە ئەستۆدابوو.

– ڕوتکردنەوە و بڕینی دەستی کچان و ژنانی شەهیدبوو، لە (بلەقەوی و بناوێڵە و عەنب) لە لایەن هەندێ پێشمەرگەی ئەو لایەنانەوە.

– شەهیدبوونی ٧٠-٧٢ پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵە) و ئاگادار نەکردنیان لە هێرشی ئاخوندان.

**تاوانی کۆمەڵکوژی**
**هەڵەبجە و ئەزمونەکانی**

سەرکردەکانی بزوتنەوەی باشووری کوردستان، لە بەر ئەوەی بڕوایان بەهێزی جەماوەر بۆ  شۆڕش نەمابوو و تەنیا بیری مانەوەی خۆیان، لە بەر دووبەرەکی و  نەخۆشی تری ناو پارتییەکانیان، ئامادەبوون لە گەڵ دڕەندەترن داگیرکەرانی کوردستاندا، بۆ لە ناوبردنی یەکتری، هاوکاری بکەن. سیاسەتی ئەم نا ئەو، دوژمنی دوژمنکەم دۆستمە، پێگەی جەماوەری پێ لاوازکردبوون.

داگیرکەرانی کوردستان، ئەم ڕاستیانەیان باش دەزانی، لێ حکومەتی ئێراق توانی ٣٦٠ هەزار جاش ئۆرگانیزە بکات و تۆڕێکی سیخوڕی لە ناو سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی ئەو پارتییانەدا دابمەزرێنێت. ڕژێمی ئاخوندی ئێرانێش هەروەها، هەزارەها ئیتلاعاتی خزاندبووە ڕیزەکانیانەوە. بۆ ڕۆژێکی وەکو گرتنی شاری هەڵەبجە، بە چاکترین شێوە بە کاری هێنان.





بەڵکو دوای ئەو هەموو ساڵە، تا ئەمڕۆش بێ بڕوایی و دووبەرەکی سەرکردایەتی بزوتنەوەی باشوری، بەرامبەر داگیرکەران، وەکو دارێکی ڕزیوی لێکردوون. لە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کوردستان ، لە ڕزگاری و سەربەخۆیی دووری خستونەتەوە. دۆڕاندنی شاری کەرکوک و ناوچەکانی تر، زیندوترین نموونەی مێژووییە.

شوێنی جوگرافی شاری هەڵەبجە وا هەڵکەتوە، کە لە زۆر لاوە سنوورە لە گەڵ ئێران  و سەدەها ڕێگەی هەیە. لێرەشدا، پارتییە نەتەوەییەکانی کوردستان، بێجگە پاسۆک، بۆ شاردنەوەی وابەستەیی خۆیان بە سوپای ئاخوندانەوە، ئەو مافەشیان نەدا بە خەڵکی شاری هەڵەبجەی شەهید، کە خۆیان ڕزگاربکەن. گرنگتر لەوە، سەرکردایەتی ئەو  پارتییانە باش دڵنیابوو، کە ڕژێمی سەدام فاشستە و ئامادەیە پەنا بۆ هەموو جۆرە چەکێک بەرێت. لە مانگی 2 ی هەمان ساڵدا، چەکی کیمیاوی دژی سەرکردایەتی ینک بەکارهێنا، بۆ نموونە لە بەهاری ١٩٨٧ لە دۆڵی قەرەداغ  و شوێنی تر.

گازی کیمیاوی ١٦-٣-١٩٨٨ بە سەر شاری هەڵەبجەدا  کرا ، بەڵام لە پراکتیکدا شەوی ١١ لە سەر ١٩٨٨/٣/١٢ شار گیرابوو، واتە دوای چوار ڕۆژ، ئەوسا بوردومانی کیمیاوی دەستی پێکرد، هەندێ هێزی ئەو پارتییانە هێندە سەرقاڵی تاڵان بوون، گیانی شۆڕشگێریان لە دەست دابوو و پێیان وابوو فەتحی بە غدایان کردووە، بە مەرجێک دەیان توانی دانیشتوی بێ تاوانی  شاری هەڵەبجە لە گەورەترین کارەساتی مێژوویی لە ماوەی ئەو چوار ڕۆژەدا ڕزگار بکەن.

به پێچەوانەوە، فاشستێکی وەکو (مولازم خالد) کە مودیر ئەمنی هەڵەبجەبوو و سەدەها سیخوری تریان دەرکرد، کە دەستیان لە کوشتن و ئەشکەنجەدانی گەلی کوردا هەبوو.

ڕاستە دەبێت عەلی کیمیاوی و پیاوکوژەکانی سەدام بدرێنە دادگا، بەلام لە هەمان کاتدا با هیچ نەبێت ئەو پارتییانە (پدک. ینک، حسک و ئیسلامی) کە بوونە چاوساغی سوپای پاسداران بە خۆیاندا بچنەوە، دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێین، کە چییان بە گەلی کوردستان، لە شاری هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستاندا (پێنجوین، حاجی هۆمەران ساڵی ١٩٩٨٣، لێدانی باباگرگر ساڵی ١٩٨٦) کرد.

**ئایا پارتییە نەتەوەییەکانی باشووری کوردستان گوێ دەدەنە مێژوو؟**

ساڵانێک دوای تاوانی کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجەو ئەنفال، گەلی باشووری کوردستان ، بە ناسکترین ساتیدا تێ دەپەڕێت، دیسان بە داخەوە کە سەرکردایەتی کورد، سەرقاڵی دروستکردنەوەی ماڵی داگیرکەرێکە، کە تا نوکەش، پاشماوە ئەو ڕژێمە، بڕوا بەمافی گەلی کورد ناکات. هێشا وەکو کۆتایی شەستەکان، ناکۆکی نێوان دوو زلهێزی کوردی، مافەکانی کورد، لە لیتاوی بێ هیوایەکی قوڵدا دەچەقێنێت.

تا نوکەش، ئەو هێزە، نە یتوانییەوە، خۆی ڕێک بخات و بایەخ بە تاوانی ئە نفال و قوربانیەکانی بدات.





**داگیرکەران و لێدانی هەڵەبجە**

هەردوو ڕژێمی داگیرکەری، عێراق و ئێران، بە لێدانی شاری هەڵەبجە، گەورەترین ئامانجی هاوبەشی خۆیان وەدەست هێنا. ئەمەش لاوازکردن و ترساندنی بزوتنەوەی باشور و ڕۆژهەلاتی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان. لە لایەکی تریشەوە خاڵی وەرچەرخاندی شەڕی عێراق- ئێران بوو، کە بە زیانی کورد گەڕایەوە، بە پێچەوانەی بۆچونی سەرکردایەتی بزوتنەوەی باشوری کوردستانەوە، کە دەیوت هەڵگیرساندی شۆڕشی جەماوەری پرۆسەیەکە، کە هەرگیز لە دایک نابێت، کە شەڕی عێراق-ئێران قازانجی کوردی تیایە. هەمووشمان بینیمان، کە ئەنفال چی کرد و سەرکردایەتی کورد هەڵوێستی چی بوو، بزوتنەوەی کوردستانی باشور، بە کام چارەنووس گەیشت.

---

ئەم ڕاپۆرتە لە ڕۆژانی کیمابارانی شاری هەڵەبجە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ تۆمارم کردووە و دواتر بەپێی مژارەکانی ڕۆژ وەک بنەمای سیمینارێک بۆ پەرلەمانی سوێد ساڵی ٢٠٠٧ و ڕێکخراوی چاک دەستکاریم کردوە..
تێبینی/بۆ ڕاستی زانیاری ناو ئەم باسە، پرسم بەم کە سانەش کراوە، کە ڕاستەوخۆ لە ناو گەرمەی کارەساتەکەدا بوون: -

- **عومەر موحەمەد مەحمود هەڵەبجەیی**
- **هیوا موحەمەد مەحمود هەڵەبجەیی**
- **تەها خوسرەوی**
- **تاڤگە**
- **چەند کەسێکی تر**

# بەشی وێنەکان



دکتۆر ناجح لە ئۆردوگای بارام ئاوا ساڵی 1989 زستان









هاوڕێ جەلیل ١٩٨٦ قەرەداغ



ئووردوگای هەزارخانی ساڵی
1988


وێنەگری سەروان
نووردوگای هەزارخانی
1988



مەجید دوکانی ١٩٨٥ قەرەداغ







قەبری سەفای سوورو


گوندی شەشک. لە سایتی شەشک وەگیراوە


لای ڕاستەوە: هاوڕێ کاوە، و سیڤەر


دۆڵە کۆگا. قەندیل . ١٩٨٩ بە کامیرای هاوڕێ ئامانج







بارەگای مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی

حزبی شیوعی ١٩٨٤. کەڕەچاڵ



## دوا وشە

مەرج نیە کە مرۆڤ ژیانی سەخت بوو، هیواکانیشی لێ ون بێ، تیشکی بەختەوەری لێی بتورێ و ئەندێشەکانی بۆ لێواری گۆڕ ڕاکێشی کەن. هاوڕێی پێشمەرگم هەبوو، لە گەرمەی شەڕدا گۆرانی دەوت و شۆخی دەکرد، چەندێکی دی هەبوون، لە نێو چادرێکی شڕدا ژیانیان دەبردە سەر، بەڵام گاڵتە و گپ و خۆشەویستی هەموویانی لەتەک یەکتر گرد کردبووەوە، نانێکیان هەبایە لە نێو خۆیاندا دابەشیان کرد. ماڵیان کردبووە دەواری رەشماڵێک و خەندەی بەختەوەرییان دەبەخشییەوە. پورێکم هەبوو، یەک وشە سیاسەتی نەدەزانی، بەلام کە دەچوومە سەردانی، زۆر جار دەیوت: سەرکردەکانی کورد جڵەویان بەدەست هێزە گەورەکانەوەیە، خۆتان مەدەن بەکوشت، هەموویان نۆکەرن و دژی ناڕەوایی بوو.

مەرج نیە ئەوەی پێخەفی نەرم و راخەری ئاوریشمی هەبێ، خەوی پەمەیی ئومیدەکانی براژێنێتەوە. جاری وا هەبوو تا کازیوە، بەدەم رێگەوە ئەستێرەمان بەرێ دەکرد و بەیانیانیش دەستەملانمان لەگەڵ گزنگی خۆر دەکرد، جوانترین گوڵزاری چیامان بۆن دەکرد و گوڵاوی ئەوانمان دەگرت.

خرەی کانیاو و دیتنی زەردی ئێواران، پێکەنینی منداڵاکان، جامێ دۆی خەست و بلوێری شوانەکان و هۆرەی کاروانچییان، بە نرخترین یادگارییە تابلۆی ژیانیمانی دروست کردوە.





ئێستەش لەپەنا تەیمانێکم کە نێوان چەند باخێکی تەمەنمیان بە گوڵە هێرۆ و وەنەوشە رەنگ کردوە. چەند کیژۆڵەیەکی چاوەشینی کۆیی پێکەنینێک دەکەن خەمەکانی سەر سەکۆی مێشکم دەرەوێننەوە.

هەرچەندە ئازارەکانی من و ئەوانەی دامەن چیاکان، هەندێ جار تا سەر ئێسک دەیان تەزانین، بەڵام بەختەوەریمان دەبووە مەرهەم و برینەکانی ژیانمانی سارێژ دەکردەوە..

هێندەی نەبرد، دوای چەند مانگێک پێشمەرگایەتی، بۆم دەرکەوت، کە سەرکردەکانی ئەم دەڤەرەی نیشتمان، رێزی تاکەکانی کۆمەڵگە لە سەرگەرمی، گەمەیەکی تاوەلە تێ پەڕناکا، کە خۆشیان جۆکەرێکن بە دەست داگیرکەرانی کوردستانەوە..

سەرباری تراوما و ئازارەکان، بەلام لە جوتیار و هەژارانی گەلەکەمەوە فێر بووم کە چۆن ئەو خاکەم خۆش بوێ و ئەو پەیامەش، هەموو جارێ کە دایکم سەردانی دەکردم، بە گوێیدا بچرپێنم، کەوا ڕەنجی بێ وەر نەبوو. کوردستانم باشتر خۆش ویست و لە نزیکەوە خەمی مرۆڤەکانم زانی..

**ئاسۆ بیارەیی**
٢٠١٥ تاراوگە..



بیۆگرافیا و بەرهەمەکانم

ئاسۆ بیارەیی کێیە

- ❖ شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
- ❖ خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی. لە ١٩٨٣ تا پایزی ١٩٩٠ پێشمەرگە و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وولاتی سوێد تەواو کردووە

بەرهەم:

- ❖ کۆمەڵێک هونراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند راپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- ❖ لەسێبەری پیاوسالاریدا، توێژینەوەی زانستی. بەکوردی
- ❖ کەیسی زمانی یەکگرتوو. دید و بۆچون .کوردی
- ❖ ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تێزی زانستی بەزمانی سوێدی
- ❖ پەروەردەی پێچەوانە، تیزی(ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
- ❖ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامان.
- ❖ ئاستەنگیەکانی پێشکەوتنی ئافرەتی(ژنان و کچان) ڕەوندی کورد. توێژینەوەی زانستی ٢٠٠٩
- ❖ گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە
- ❖ ژیانی منداڵان لەچەند وەستانێکدا دەستدرێژی سێکس ئینسێست بەنموونە ٢٠١٠





- ❖ لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا ٢٠٠٦-٢٠٠٩ بەرگی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی
- ❖ چەند شارۆیەک* لە نێو لاپەرەکانی شۆڕشی ئەیلولدا. توێژینەوەی سۆشیال سایکۆلۆژی دەربارەی بزوتنەوەی ئەیلول
- ❖ سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠
- ❖ لەنێوان بێ ڕەنگی و نەبووبی هەستی نەتەوایەتی نیشتمانیدا ٢٠١١
- ❖ کاریگەری ئەنفال لەسەر ژنان و کچانی کورد. چاپخانەی مەتین لە سلیمانی ٢٠١٣
- ❖ یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ١٩٨٦ -١٩٩٠ بەرگی یەکەم. ٢٠١٤
- ❖ گۆرانێک پێش گوڵکرنی ٢٠١٥ کۆمەڵێ وتار و توێژینەوەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی

# پێڕست

بابەت.................................................................................................. .لاپەڕە
پێشەکی................................................................................................. ٥
ئۆردۆگای سەریاس ....................................................................... ٨
ئەو شێوعی شیعەیە، دەبێ بەڵگەکەی بۆ بدۆزنەوە....................... ١٢
لاندلۆڤەرەکەی سامان گەرمیانی.................................................... ١٦
ئۆستا جەمال.................................................................................... ٢١
حزب پارەی نیە................................................................................. ٢٦
گۆپتەپە جوانتر دروست دەکەینەوە................................................... ٣٢
کەریم ئەحمەد: خۆم هەڵنابژێرمەوە ................................................. ٣٦
مارەکەی ناو گوندی دەرەی مەڕ و
تاوڵەکەی ئازاد قەرەداغی پارتی ..................................................... ٣٩
ئێوە بە ڕۆژ درۆ دەکەن و بەشەویش دەمانکوژ .......................... ٤٣
سەید فەقت هاونتێن ......................................................................... ٤٩
دیاردەی هێنانی پاسدار
و کوژرانی کاروانیچیەک.................................................................. ٥٣
ئەحمەد بانیخێڵانی : –
لایەکی بنکەکە دەیەوێ  ببێتە زاوام ................................................. ٥٧
شەڕەکەی گوندی تەپە کەڵ و............................................................ ٦٣
انشاءالله شهید میشي!  ................................................................... ٧٢
مەیادە حەناوی و دەڤەری شارەزوور................................................ ٧٥
جاشەکان و  گوندی چەمپاراو.............................................................. ٧٩
مەجید دوکانی،گیڤارایەکی کوردستان و نەمرێکی چیا.................... ٨٢
داستانەکەی  نێوان گوندی ( تەپی سەفا و شەشک) کەکان ......... ٨٦
ئەو هیزانەی کە هەڵەبجەیان کرد بە کەربەلا................................. ٨٩





بەشی وێنەکان.............................................................................. ٩٧
دوا وشە ...................................................................................... ١٠٣
بەرهەمی پێشو ............................................................................ ١٠٥